# هەنگاوەکانی نوسینی ئەدەبی منداڵان
# کازم کۆیی بەنمونە

ڕەنجدەر ازاد عزیز [1]

[1] بەشی کارگێری و ئابووری، فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی "هەنگاوەکانی نوسین لە ئەدەبی منداڵان" دا، بەسەر نوسەری ئەدەبی منداڵان کازم کۆیی، دا خستومانەتە ڕوو، وەك نوسەرێکی ئەزموونداڕ و پڕ بەرهەمی ئەم بوارە، بەسەر سێ بەشی پەیوەست بەیەکتر دابەشمان کردووە و هەوڵمانداوە سەرجەم خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی هەریەك لەم بەشانە بەوردی و بەشێوازێکی زانستییانە بخەینەڕوو، لە بەشی یەکەم دا هاتوین سەرجەم ئەو هەنگاوانەمان باسکردووە کە پێویستە نوسەر بەر لەنوسین پەیڕەویان لێ بکات، ناومان ناوە (هەنگاوەکانی بەر لەوسین) تیایدا باسی ئەو تایبەتمەندییانەمان کردووە کە پێویستە بەر لەنووسین لەخودی نوسەردا بوونیان هەبێت و لەنوسینەکانیدا ڕەنگ بداتەوە. لە بەشی دووەم دا ئەو هەنگاوانە باسکراون، کە پێویستە نوسەر لە نوسینی دەقەکەیدا پێڕەویان لێ بکات، ناومان ناوە (هەنگاوەکانی کاتی نوسین) وئەو تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستە بە پەیوەندی و کارکردنی نوسەر لەگەڵ ئەو دەقەی کە دەیەوێت کاری لەسەربکات. لەبەشی سێیەمدا، (هەنگاوەکانی دوای نوسین دێن)، کە خۆی لەپێداچونەوە ووێنەکێشانی نێو دەقەکان دەبینێتەوە؛ هەموو ئەو هەنگاوانەش دەبن بە ڕێچکە وسەرەتایەکی باشی نوسین بۆ تازە نوسەر وبگرە ئەو نوسەرانەشی کە ئەزموونێکی درێژیان هەیە لەبواری نوسینی منداڵاندا، کە ئامانج لێی سودگەیاندنە بە گشت نوسەرێکی ئەدەبی منداڵان لەنێویاندا تازە نوسەران. کە دەکرێ لەنوسینەکانیاندا هەنگاو بە هەنگاو لەسەری بڕۆن و پێڕەوی لێ بکەن، تاوەکو لانی کەم وەك نوسەری ئەدەبی منداڵان هەنگاوبنێن، هەموو دەقێکی باشی ئەدەبی منداڵانیش سود وقازانجێکی باش دەگەیەنێت بە منداڵ وهەرزەکاران، کە ئایندەی وڵاتیان لەسەر بنیاد دەنرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** دەق، کازم کۆیی، نوسەر، ئەدەب، ئەدەبی منداڵان

## ١. پێشەکی

وڵاتانی وڵاتانی پێشکەوتو لە بواری پەروەردە و فێرکردن بۆ بەدیهێنانی نەوەیەکی باش و ئایندەیەکی گەش بۆ منداڵان، چەندین هەوڵی ناوخۆی و نێودەوڵەتییان لە دامەزراندنی ڕێکخراوی گەشەپێدانی منداڵان لەبارەی خوێندن و خۆشویستنی کتێب داوە، یەکێك لە ئەرکەکانیان ساڵانە هەڵسەنگاندن بۆ ئاست و توانای هەر نوسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر...هتد، لەڕێگەی شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەق و بەرهەمەکانیانەوە دەکەن. دواتریش هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی باشترینیان و خەڵاتکردنیان. بەداخەوە هەر خۆی ئەدەبی منداڵان لە وڵاتی ئێمەدا تازەیە و کەم کەم خەریکە دەبێتە جێگەی بایەخ پێدانی نوسەران و خەمخۆرانی ئەم بوارە، لەبەرئەمە تا ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا دەزگا و دامەزراوەیەکی لەو جۆرەمان نییە، تا پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ دەق و بەرهەمی نوسەرانمان بکات، ئەمەش وای کردووە زۆرجار بەرهەمەکان بە کۆمەڵێ خەوش و کەم و کوورییەوە بڵاوبکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەم توێژینەوەیە تا ئاستێك هەنگاوێکی باشە بۆ نوسەرانی ئەدەبی منداڵان، کە دەکرێ لەنوسینەکانیاندا پەیڕەوی بکەن.

### ١.١ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە

١. شارەزایی بەشێك لە نوسەرانی ئەم بوارە لەئێستادا و خۆهەڵواسینیان بەم بوارەوە.
٢. یەکلانەبونەوەی نوسەران لە نێوان نوسین بۆ گەوران و منداڵاندا.
٣. بونی دەزگایەکی تایبەت لە کوردستاندا بۆ پێداچونەوەی بەرهەمەکان بەر لە بڵاوکردنەوەیان.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ٢، ژمارە ٢ (٢٠١٩)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٩ تەمووز ٢٠١٨؛ پەسەندکردن: ١ نیسان ٢٠١٩
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: ranjdar.azad@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ ڕەنجدەر ئازاد عەزیز، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n1y2019.pp9-21

### ٢.١ گیروگرفتی توێژینەوەکە

١. دەست نەکەوتنی بەشێك لە کتێب و نامیلکەکانی نوسەر لەلایەك، هەروەها کەمی سەرچاوەی پێویست لەم بارەوە لەلایەکی دیکەوە، بۆیە زیاتر پشتمان بە سەرچاوە باوەکانی ئەدەبی منداڵان لەدەرەوە و ناوەوە بەستاوە.

٢. دوری شوێنی نیشتەجێ بونی نووسەر کازم کۆیی کە ئەمەش بەربەستێکی گەورەبوو لەبەردەم نوسینی توێژینەوەکە.

### ٣.١ گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی و بایەخی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە کارئاسانی و هاریکارێکی باشە بۆ سەرجەم نوسەرانی ئەم بوارە، بەتایبەت بۆ نوسەرانی تازە پێگەیشتوو، کە دەیانەوێت لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاودەن.

### ٤.١ میتۆدی لێکۆڵینەوەکە

لەنوسینی توێژینەوەکەدا سوودمان لە میتۆدی "وەسفی شیکاری" بینیوە. بەجۆرێك لایەنی تیۆری و پڕاکتیکیمان بەیەکەوە خستووەتەڕوو.

مرۆڤ لەژیانیدا دەست بۆهەر پیشەیەك ببات و بیەوێت تێیدا ببێت بە پسپۆر، یاخود سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنێت؛ ئەوا پێویستە کۆمەڵێ تایبەتمەندی هەبێت کە پەیوەستن بەخودی پیشەکەوە، هەر کەم و کوورِی و بەدەربوونێك لە هەر یەکێك لەو تایبەتمەندییانە دەبنە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتن و داهێنانێکی باش، بێگومان ئەگەر ئەو پیشەیە نوسەری بێت لەبابەتی منداڵان، لەم پێناوەدا پێویستە نوسەر چەند هەنگاوێك بنێت.

## ٢. هەنگاوەکانی بەر لەنوسین

لەهەنگاوی یەکەمدا، پەنجە دەخەینەسەر هەموو ئەو هەنگاوانەی کە بەر لەنوسین پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، کەواتە هەنگاوی یەکەم هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە، کە پێویستە لەخودی نوسەردا بەرجەستەکرابن، بۆئەوەی بچێتە هەنگاوی دووەم "نوسین"، نوسەر کەسێکە کە کاری نوسین بۆ ئەو دژوار و سەخت نییە، ئەو وەك چۆن بەئاسودەیی دەدوێ ئاواش دەنوسێت، ئەوەی ئەوانی دیکە نای بینن، ئەو دەی بینێت، ئەوەی خەڵکی دیکە دەی بینن و هەستی پێدەکەن ئەو جیاوازتر لەوان هەستی پێدەکات و ئەندێشە و خەیاڵی بەبەردا دەکات. دواتر هەست و خەیاڵەکانی خۆی بەقەڵەمێك دێنێتە بون، لە ئەنجامی ئەزمونەکانی و تێڕوانینی بۆ ژیان شتگەلێکی زۆر لەلای گەڵاڵە دەبێت، لە دەقێکی ئەدەبی تێکەڵ بەسۆز و خەیاڵ بە شێوازێکی تایبەتی خۆی دەیگەیەنێتە وەرگر، جا ئەو وەرگرە گەورە بێت یاخود منداڵ، بەڵام ئایا هەروا کارێکی ئاسانە نوسەر نەپرسێت بۆ کێ دەنوسێت؟ گەر وای دابنێین نوسەرێکی ئەدەبی منداڵان لە ناشارەزاییدا بەرهەمێکی پڕاوپڕ لە شەڕانگێزی و دەمارگیری بۆ منداڵان بڵاوبکاتەوە، ئەوا بێگومان ئەو نوسەرە خاوەنی بیروباوەڕێکی توندوتیژ و دەمارگیرە، بەمەش لەنوسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوسا دەوترێت ئەم دەقە دەقێکی خراپە و لەگەڵ دونیای منداڵاندا ناگونجێت، بەڵام ئایا ئەم کارە لێرەدا کۆتایی هاتووە؟ بەدڵنیاییەوە -نەخێر- چونکە ئیتر دەقە بڵاوکراوەکە کەوتووەتە بازاڕ و دەیان و سەدان دایك و باوکی بێ تاوان و ناشارەزا لەهەنگاوێکدا بەرچاویان دەکەوێت و بۆ منداڵەکانیان بەباشی دەزانن، لە دواجاردا کاریگەری خراپ و ڕوخێنەر لەسەر پەروەردە و دوارۆژی منداڵەکانیان دروستدەکات. بەداخەوە تائێستا لەکوردستاندا دەزگایەکی ئەکادیمی تایبەت بەم بوارە نییە و بایەخێکی ئەو تۆی پێ نەدراوە، بۆیە پێویستە نوسەران خۆیان ئەم ڕۆڵە بگێڕن بەسود وەرگرتن لەو پێوەرانەی کە لەم تۆژینەوەیەدا خراونەتەڕوو، کە بەسەر سێ هەنگاودا دابەشکراون، بەسەر نوسەری ئەدەبی منداڵان کازم کۆیی،[1] دا هەنگاو بەهەنگاو خستومانەتە ڕوو.

### ١.٢ تێکەڵبون بەدونیای منداڵان

بەرلەوەی نوسەر دەست بە نوسین بکات دەبێت لە ناخیدا خۆشەویستییەکی زۆری بۆ منداڵان هەبێت، چونکە نوسەر وەك بەخێوکەر وایە، هەموو بەخێوکەرێکیش کام شت باشە بۆ منداڵەکانیان ئەنجامی دەدەن، بۆیە گەر نوسەر ئەو تیڕوانینەی هەبوو لەنوسیندا ئەوا بێگومان نوسینەکانی جێگەی خۆیان لەدڵ و دەرونی منداڵ دەکەنەوە، نوسەر کاتێ دەنوسێت دەبێت بەو چاوەوە سەیری منداڵان بکات، وەك چۆن سەیری منداڵەکەی خۆی دەکات، دەبێت ئەو خۆشەویستییەی بۆ منداڵەکەی خۆی هەیەتی بەو چاوەش بڕوانێتە سەرجەم منداڵانی جیهان، هەروەها "سەرچاوەی هەر داهێنراوێکی ئەدەبی، لەرینەوەی ڕوحە، چونکە وشەکان لەڕوحی مرۆڤ دەتکێت"(نعمت اللهی،١٣٨٣، ٣٢)، نوسەریش گەر خۆشەویستی لەقوڵای ناخیدا بۆ منداڵ نەبێت، بەرهەمەکەشی ڕەنگدانەوەی دونیای ئەوان نابێت، بۆ بەدیهێنانی ئەو خۆشەویستییەش دەبێت لە ناو منداڵاندا بژیت و لێیان وردبێتەوە، گەر بێین ئەم تایبەتمەندییە وەربگرین بۆ "کازم کۆیی"، دەبینین نوسەر بەچاوێکی گشتگیرەوە سەیری سەرجەم منداڵانی نەتەوەکەی و جیهان دەکات، منداڵ لای نوسەر هەویرێکە بەو جۆرەی خۆی دەیەوێت پەروەردەی دەکات، تێکەڵبونی نوسەر بەدونیایی منداڵاندا لەسەردانیکردنی باخچەکانی منداڵاندا دەردەکەوێت، بەتایبەت ئەو ساڵانەی وەك بەرپرسی ڕاگەیاندن لەوەزارەتی پەروەردەدا کاری کردووە و سەردانی باخچەکانی کردووە، هەمیشە ئەوانی دواندوە و کاتی پڕ لەیاری و خۆشی و گۆرانی و شیعر خوێندنەوە و چیرۆکی بۆ گێڕاونەتەوە، لەسەر زاری نوسەر خۆی،"ڕۆژێکی زستان زۆر ساردبوو سەردانی یەك لەباخچەکانی شاری هەولێرم کرد، سەرجەم مناڵەکانم لەدەوری سۆباکە کۆکردبۆوە و شیعری (ئاگر)م بۆ دەخوێندنەوە و ئەوانیش بەیەکەوە لەگەڵ مندا دەیانوتەوە، لەپڕێکدا هەموویان هێرشیان بۆهێنام و بەریاندامەوە لەسەر فەرشەکەدا درێژیان کردبووم هاتبوونە سەر سنگم و کاتێکی زۆر خۆشبوو، هەم بۆ من و هەمیش لای منداڵەکان"(کۆیی،٢٠١٧) بۆنمونە نوسەر لە نامیلکەی (سایەی زانین)دا، زۆر بەجوانی خۆشەویستی و تێکەڵبوونی خۆی بەدونیای ئەواندا نیشانداوە:

ڕۆڵەکانمان
ڕۆڵەکانمان زۆر جوانن گوڵی باخی ژیانن
دایە بەقوربانتان بێ بابە سایەی ژیانتان بێ
ئێوە چرای ماڵەکەن ماڵ و دڵ ڕووناك دەکەن...(کۆیی،٢٠١١، ١٤)

کارو چالاکی و ڤیستڤاڵی ساڵانەی قوتابخانە و باخچەکان نمونەی زیندو و بەرچاوی نوسەرە کە تیایاندا وەك ئەندام و بەڕێوبەر و پێشکەشکار و هەڵسەنگێنەر و ئامادەبوو تیایاندا ڕۆڵی گێڕاوە، لەوانە، "ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی پێشبڕکێی چیرۆك و هۆنراوەی منداڵان بەبۆنەی ساڵیادی جەژنی جیهانی منداڵان (٢٠١٠/٦/١) کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی "زنجیرە کتێبی منداڵان"ی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێکخرابوو..."(کۆیی،٢٠١٥، ٦٤). کە هەوڵیداوە نەوەیەکی ئەدیب و هونەر دۆست پێ بگەیەنێت و ماوەی سێ ڕۆژ لەخزمەتیاندا بمێنێتەوە، ئەم کارانەش ساڵانە دووبارە و سێبارە بوونەتەوە.

جگە لە مانەش هەبونی چەندین پرۆژەی بەسود و گرنگ لە بواری پەروەردە و فێركردن، وەك "پرۆژەی "منداڵ و هاتووچۆ" لەگەڵ ڕێكخراوی "SCF"ی بەریتانی و جێ بە جێكردنی لەگەڵ سەنتەری خاتوو زین و وەزارەتی ناوەخۆ و پەروەردە لە چەندقوتابخانەیەك بەسەركەوتووی لەساڵی (٢٠٠٤)"(كۆیی،٢٠١٥، ٥٧)، بەمەش سودی لە دامەزراوەكانی دیكەش وەرگرتوە بۆ سودگەیاندن بەمنداڵان تا زیاتر لێیان نزیك بێتەوە.

ئەوەی زیاتر نوسەر بە منداڵانەوە دەبەستێتەوە ئەو سرود و هۆنراوانەیە، كە بۆ قوتابخانە جیاجیاكانی نوسیوە، لەم بوارەشدا سرودی تایبەتی بۆ نزیكەی "١٠٠قوتابخانە"ی جیاجیای نوسیوە، بەمەش لەپاڵ نوسینی سرودەكانیان، سەردانیكردون و بە كۆڕس لەگەڵیاندا وتویەتیەوە، لەگەڵ هونەرمەندان و مۆسیقاژەناندا كاری بۆدانانی میلۆدی سرود و هۆنراوەكانیش كردووە.

## ٢.٢ شارەزا لەئەدەبی نەتەوەیی و جیهانی

توانا و ئاستی هەر نوسەرێكی ئەدەبی منداڵان سنوردارە، بۆئەوەی بەرهەمەكانی لە دڵی منداڵانی نەتەوەكەی و جیهانیش جێگەی خۆی بكاتەوە و ببێت بە نوسەرێكی جیهانی لە ئەدەبی منداڵاندا پێویستە شارەزایی لە ئەدەبی ناوخۆی و جیهانیش هەبێت، چونكە "ئەگەر نوسەر هەرگیز كتابە ئەدەبیەكانی كە لە نێوان نوسەرانی وڵاتە جیاوازەكان نوسراون نەخوێندبێتەوە و خۆشی لێ نەدیبێ، چۆن دەتوانێ منداڵان ڕابكێشێت بەلای كرۆكە پەروەردەیەكەی كە دەقەكەی هەڵی گرتووە" (بوچویی، ١٣٧٢، ٥٧)، ئەمەش لەپێناو دەوڵەمەندكردنی بەرهەمەكانی خۆی، دوای شوێن پێ و ڕێباز و شێوازی نوسینی ئەوان دەكەوێت. لەبەرئەوە نوسەر گەر بە تەنیا بپرژێتە سەر زانیارییەكانی خۆی و سود لەئەزمونی نوسەرانی دیكە وەرنەگرێت كە لەم بوارەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە بێگومان لە كارەكەیدا دەوەستێت و پێشكەوتن بەخۆوە نابینێت، هەر نوسەرێكی منداڵانیش گەر شارەزای ئەدەبیاتی منداڵانی نەتەوەكانی دیكە نەبێ هەرگیز ناتوانێ لەوە تێ بگا، كە میللەتانی ڕۆژئاوا بۆچی لە ڕووی پەروەردە و فێركردنەوە لەئاستی جیهاندا ئەوەندە پێشكەوتون، جگە لەمە دەبێت بەچاوێكی پڕ لەبایەخەوە بڕوانێتە ئەدەبی فۆلكلۆری نەتەوەكەی "بۆئەوەی ئەدەبێكی لێ دابڕێژێت بۆ منداڵان، واتا فۆلكلۆر ببێت بەسەرچاوەیەك بۆ ئەدەبی منداڵان"(فەرەج،٢٠٠٦، ٢٢). گەر كازم كۆیی لەم ڕووەوە هەڵ بسەنگێنین، دەكرێ لە دوو ئاستی جیاوازەوە سەیری بكەین:

### ئەدەبی نەتەوەیی و چەشنە ئەدەبییەكانی

نوسەر بەشێكی چیرۆكەكانی ناو "زەنگوڵەی كاریلەكان" كەلەسەر زاری ئاژەڵ و باڵندەكان دەگێڕێتەوە، لەوانە "پاشای دارستان، چوارچۆلەكەی برسی، مریشكە ڕەش و مریشكە سپی، چۆلەكە بچكۆلەكە، سمۆرەی خۆشەویست، هتد"، گەر سەرێك بەخەرمانی چیرۆكی فۆلكلۆری كوردیدا بكەین دەیان و سەدان چیرۆكی لەم جۆرە هەن، لەگەڵ نوسینی كۆمەڵێك یاری و بەزم و ڕەزمی منداڵان، كە لە كەشكۆڵ و كەلەپوری وڵاتەكەیەوە فێریان بووە و جارێكی دیكە لە خزمەتی منداڵاندا دای ڕشتوونەتەوە.

جگە لەوەش شارەزای شێواز و قاڵب و هونەرەكانی ئەدەبی نەتەوەكەی بووە، لە زۆر بواری ئەدەبیدا دەقی نوسیوە وەك، شیعر و چیرۆك و ئۆپەرێت...هتد، بەڵام نوسەر زیاتر، وەك شاعیری منداڵان ناسراوە و لەم بوارەدا چەندین نامیلكەی شیعری هەیە، لە بواری نوسینی شیعری منداڵاندا نوسەر قالب و شێواز و كێش و سەروای جۆراو جۆری بەكارهێناوە، لە سەرجەم شیعرەكانیدا پەنای بۆ كێشی خۆماڵی بڕگەیی بردووە كە ئاسانترین جۆری كێشە و زیاتر سەرنجی منداڵ ڕادەكێشێت، لەگرنگترین كێشەكانیش كە بەكاری هێناوە"حەفت بڕگەیی، هەشتی، شەشی،دەی، دوانزدەیی، یانزدەیی...هتد" بەڵام زۆرترینی دەقەكانی لەسەر كێشی حەوت بڕگەی فۆلكلۆری كوردی دارشتووە، لەگەڵ سەروا و مۆسیقای هەمەڕەنگ، دوركەوتووەتەوە لە یەكێتی سەروا، هەردێڕە و سەروایەكی تایبەت بەخۆی هەیە، لەشیعری (كەوەكەم):

كەوەكەم مات و كزە كە+وە+كەم+ما+تو+ك+زە
بێزارە لەم قەفەزە بێ+زا+رە+لەم+قە+فە+زە
زۆری پێخۆشە بفڕێ زۆ+ری+پێ+خۆ+شە+بف+ڕێ
بۆسەر شاخان باڵ بگرێ بۆ+سەر+شا+خان+باڵ+بگ+رێ (كۆیی،c ٢٠٠٩، ٥٩)

نوسەر كێشی حەفت بڕگەیی بەكارهێناوە، لەگەڵ سەروای هەمەڕەنگ، كە دەكرێت وەك شێوازی نوسینی شیعری منداڵان لای كازم كۆیی سەیر بكرێت، كە ئاسانترین جۆری كێش و سەروایە بۆ نوسینی شیعر، هەروەها وتنەوە و لەبەركردنی ئەو شیعرە دەتوانێ بەئاسانی سەرەنجی منداڵ ڕابكێشێت.

لەگەڵ ئەوەشدا نوسەر وەك هەر شاعیرێكی دیكە لەم بوارەدا پەیڕەوی كێش و سەروای تریشی كردووە، لەشیعری (فوو)دا نوسەر كێشی ئازادی بەكارهێناوە، لەگەڵیشیدا پشتی بە یەكێتی سەروا بەستاوە، لە ڕێگەی دوپاتكردنەوەی وشەكانەوە توانیویەتی مۆسیقایەكی جوان بە شیعرەكە ببەخشێت، تاوەكو لەسەر زاری منداڵاندا بەسانای بوترێت:

فوو
فوو فوو
دەستت گەرم كەوە زوو
فوو فوو
دەی هەموو
تا یاری بكەین دوو دوو (كۆیی،b ٢٠٠٩، ٢٠)

بەم جۆرە نوسەر بەشێكی زۆری قالبی شیعر و سەروا و كێشی جۆراوجۆری بەكارهێناوە. نوسەر لەبواری نوسینی چیرۆكیشدا دەستێكی باڵای هەیە، لەم بوارەدا كۆمەڵە چیرۆكێكی بەپێزی بۆ منداڵانی كورد نوسیوە، بەناوی "زەنگوڵەی كاریلەكان". نوسەر لەگێڕانەوەی چیرۆكەكانیدا جۆری گێڕانەوەی زنجیرەی بەكارهێناوە، واتە ڕوداوەكان یەك بەدوای یەكدا دەگێڕدرێنەوە، ئەمەش تاوەكو سەرنجی منداڵان ئاڵۆزنەكات، هەمیشە لە چیرۆكەكانیدا هەموشت زانە، لەچیرۆكی "كاوە چۆن بوو بەپزیشك" نوسەر هەر لە سەرەتاوە باسی كاوە دەكات، كە چۆن منداڵێكی وریا و زیرەك بووە و شەوانە لە كاتی خۆیدا خەوتووە و بەیانیانیش زوو خەبەری بوەتەوە، دواتر چۆن چووە بۆ قوتابخانە و لە كۆلێژی پزیشكی وەرگیراوە و بووە بە پزیشك، ئەمەش باشترین جۆری گێڕانەوەی چیرۆكە كە بەشیاوی منداڵان دادەنرێت. نوسەر لە سەرجەم ڕەگەزەكانی چیرۆك نوسیندا سەركەوتو بووە، لێرەدا نامانەوێت باسیان بكەین، تەنیا دەمانەوێت بزانین تاچەند شارەزای نوسینی هونەری چیرۆك نوسین بووە.

جگە لە شیعر و چیرۆك لەنوسینی ئۆپەرێتیشدا دەست ڕەنگین بووە، چەندین ئۆپەرێتی بۆمنداڵان نوسیوە، لەوانە (ئۆپەرێتی بوژانەوە، ئۆپەرێتی یەكگرتن، ئۆپەرێتی مافی منداڵ، ئۆپەرێتی خۆشەویستی خوێندن، هتد)، وەك لە ئۆپەرێتی خۆشەویستی خوێندندا دەڵێت:

كوڕەكەی خۆم ژیان گرانە ئیتر مەچۆ بۆ قوتابخانە......
بابە ژیانم مەفەوتێنە دەخوێنم، وازم لێبێنە..... (كۆیی،٢٠١١، ٤)
ئەم ئۆپەرێتە ململانێیەكی سەختی منداڵێكە لەگەڵ باوكیدا تا بەردەوام بێت لە خوێندنەكەی و وازنەهێنێت، لە بری نوسینی ناوی كارەكتەرەكە وێنەكانیانی داناوە تا كاریگەری زیاتر بێت لەسەر منداڵان.

**ئەدەبی جیهانی:**

كازم كۆیی بەهۆكاری بونی پلەوپایەی حكومی لەناو وەزارەتی پەروەردە توانیویەتی سەر بەكۆمەڵێك وڵاتی جیاجیا دابكات، بەشێكی ئەو گەشتانەشی لەخزمەتكردنی منداڵاندا بووە، وەك، "كۆریای باشور، توركیا، ئوردن، لبنان، ئیمارات...هتد" بێگومان لە ئەنجامی ئەو گەشتانەدا شێوازی ژیان و پەروەردە و فێركردنی منداڵانی ئەو وڵاتانەی بینیوە، كە چۆن لە ڕێگەی ئەدەب و هونەرەوە هەوڵیانداوە نەوەیەكی وشیار بۆ وڵاتیان دەستەبەر بكەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە نوسەر، نەك هەر بەتەنیا ویستبێتی شارەزایی ئەدەبیاتی منداڵانی ئەوان بێت؛ بگرە خۆی پرۆژەی نوسینی منداڵانی داناوە و لەڕێگەی كۆنسوڵگەری وڵاتانەوە بە چەند زمانێكی جیا وەك پرۆژەیەكی هاوبەش كاری كردووە.

وێنەی (١)
وتەی منداڵێكی كورد




هەوڵیداوە ئەوە بڵێت كە ئێمەش لە بواری خزمەتكردنی منداڵەكانماندا هیچمان لە ئێوە كەمترنییە، وەك "چاپ كردنی شیعرێك بە سێ زمان (كۆری، كوردی، ئینگلیزی) لە لایەن كۆمپانیای چوارچرا بە"١٠٠٠" دانە و دابەشكردنی "٥٠٠" دانەی بەسەر ئەو سەربازە كۆرییانەی "تیپی زەیتون" كە بۆ یەكەم جار هاتبونە كوردستان" (كۆیی،٢٠١٥، ٥٧)، هەر بەهۆی ئەو پرۆژەوە دواتر لە لایەن كۆنسوڵخانەی وڵاتی كۆریاوە بانگێشتكراوە. نوسەر ئۆپەرێت و شانۆنامەشی بۆمنداڵانی كورد نوسیوە ئەگەرچی ئەو دوو جۆرە ئەدەبیە پەیوەستن بە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواوە و لە ئەدەبیاتی فۆلكلۆری كوردیدا بونیان نییە، بەڵام نوسەر لە ڕێگەی نوسەرانی پێش خۆی و شارەزابونی ئەدەبیاتی جیهانی و كاریگەربون پێیان هەستی كردووە منداڵانی كورد لە بواری نوسینی ئۆپەرێت و شانۆنامەدا هەژارن لەم بارەوە دەستی بۆ نوسنی چەندین دەقی ئۆپەرێت و شانۆنامە بردووە. شانۆنامەی (مشك وپشیلە) كە لەژێر كاریگەری "كارتۆنی تۆم و جێری" نوسراوە، كە تایبەتە بە هونەر و ئەدەبیاتی ڕۆژئاواوە، نوسەر سودی لێ بینیوە دەقێكی شانۆی جوانی بۆ منداڵانی كورد نوسیوە، سەرجەم دەقەكەی بە شیعر هۆنیوەتەوە، لەڕێگەی شانۆوە خۆشی و لەزەتێكی تایبەت بەمنداڵان دەبەخشێ. بەمشێوەیە:

"شانۆیەك دروست دەركرێت هێندێ منداڵ دەبنە مشك و لەكونی خۆیان مات دەكەن و منداڵێكیش دەبێتە پشیلە و لەسەر شانۆ دەسوڕێتەوە و بەفیزەوە دەڵێ،
من پشـەم دەمیاوینم
مشكان لەكونان دەردێنم......
پشیلەكە كەمێكی تر لەسەر شانۆ دەگەڕێ و دەڵێ،
پشەم وەك بەچكەشێرم
باش بەمشكان دەویرم.... (كۆییb، ٢٠٠٩، ٦٢)
بەمەش نوسەر لەم دەقە و چەندین دەقی دیكەیدا كەوتووەتە ژێر كاریگەری ئەدەبیاتی منداڵانی جیهانی و لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەكەیدا گونجاندویەتی.

### ٣.٢ بەردەوامی و ئارەزوبون بۆ نوسین

پێویستە نوسەر بە خۆشەویستییەوە بڕوانێتە كاری نوسینی منداڵان و چێژی لێ ببینێت، خۆی بە بەرپرس بزانێت بەرامبەر منداڵان و ئەو كارەی دەستی داوەتێ، چونكە "نوسین بۆ منداڵ و هەرزەكار، بەرپرسیارەتێكی گەورەیە، ئەوەی كە لەڕێگەی خوێندنەوە وەریدەگرن، نە تەنها لە ژیانی ئەمڕۆیاندا كاریگەرە، بەڵكو كاریگەری لەسەر ژیانی ئایندەشیان دەبێت"(شعاری نژاد،١٣٨٧، ٩٥)، ئەمە بەڕونی لەساڵانی حەفتا و هەشتاكانی سەدەی ڕابردودا دەبینرێت، كە لە نێو نوسەران و ڕۆشنبیرانی ئەوسای كوردستان بە چاوێكی كەم دەڕوانرایە نوسەری منداڵان، تەنانەت بێ بایەخكردنی ئەم ئەدەبە گەیشتبووە ئەم ڕادەیەی دەست بردن بۆ ئەم كارە بە عەیبە و شەرم دەشكایەوە لای نوسەرەكەی، بەڵام بوێرانە بەشێكیان سڵیان لە قسەو قسەلۆكی ئەم ڕۆژگارە نەكردووەتەوە و بە خۆشەویستییەوە سەیری ئەو ئەدەبەیان كردووە، كە بەپەنجەی دەستان دەژمێردرێن، كە بەهۆكاری لاوازی ئەم ئەدەبە لەحەفتاكانی سەدەی ڕابردودا دەگەڕێتەوە.

گەر لەم ڕووەوە چاوێك بەدونیای كازم كۆییدا بخشێنین، بۆمان دەردەكەوێت كە چۆن لەناو گەرمەی بارودۆخێكی سیاسی و شەڕ و شۆڕی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردو ژینگەی براكوژی كوردستان و بەكەم سەیركردنی نوسەرانی ئەدەبی منداڵان، كەچی نوسەر دێت یەكەمین نامیلكەی خۆی بەناوی (كەوەكەم) لەساڵی "١٩٩٤" لەگەڵ دەستپێكی هەڵگیرساندنی شەری براكوژیدا بۆ منداڵان بڵاودەكاتەوە، بەبێ گوێدانە دۆخی سیاسی ئەو سەردەمە و قسەو باسی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە، ڕەنگە بە تەنیا ئەو دوو دێرەی نوسەر بەسبێت كە لەكتێبی (پیاسەیەك و هەناسەیەك)، كە بەوپەڕی شانازی و خۆشەویستی بۆكارەكەی نوسیویەتی، "هیچ منداڵێكی كورد نییە لە كوردستان پارچە شیعرێكی منی لەبەر نەبێ. چونكە لە پرۆگرامدا هەیە و لە باخچەكانی ساوایان دەوترێنەوە"(كۆیی،٢٠١٥، ١٨٩)، جگەلەمە ئەگەر نوسەر خۆشەویستی بۆكارەكەی خۆی نەبووبێت، ئەو هەموو ساڵەی تەمەنی خۆی لەم بوارەدا بەفیڕۆ نەدەدا، بەتایبەت لەدوای ساڵی ١٩٩٤ بەدواوە كەبارودۆخی كوردستان لەوپەڕی ناسەقامگیریدابوو، برسیەتی باڵی بەسەر هەموو لایەكدا كێشابوو، هەموو ئەمەش لەخۆشەویستی كارەكەیەوە سەرچاوەی گرتووە. بەردەوامی نوسەر لەساڵی ١٩٩٤ تاوەكوو ئەمڕۆ هەموو ئەو گومانانە دەڕەوێنێتەوە گەر بڵێن كازم كۆیی نوسەری تایبەت بەمنداڵان نییە، بەتایبەتیش لە ئێستادا كە لە هەوڵی كۆكردنەوەی سەرجەم بەرهەمەكانیەتی لە بواری منداڵاندا لە دووتوێی كتێبێكدا كە سەرجەم بەرهەمەكانی لەخۆبگرێت، لەسەر قسەی خۆی

کەنزیکی"٦٠٠ لاپەڕ" دەبێت، ئەمەش کارێکی سانا نییە، لەساڵی ١٩٩٤ تا ساڵی ٢٠١١ نزیکی بیست بەرهەمی نامیلکە و کتێبی بۆمنداڵان بەچاپ گەیاندووە، لەوانە، "کەوەکەم" ١٩٩٤، نامیلکەی"هەڵۆ"شیعر١٩٩٦"گوڵزاری منداڵان"١٩٩٨، "گەشتی دارستان"بەشی یەکەم- ٢٠٠٢، "قوتابی و هاتووچۆ"٢٠٠٣، "ئۆپەریتی تالاسیمیا" ٢٠٠٤، "ئاوینەی شارستانی"٢٠٠٥، "خۆشەویستەکانم"٢٠٠٥، "بخوێنن"٢٠٠٥، "تیشکی ژیان"٢٠٠٥، "مۆمی پەپوولەکان"٢٠٠٥، "نەوەکانی چریکەی دواڕۆژ" ٢٠٠٦، "ساڵی کوردی"٢٠٠٦، "بەزم و ڕەزمی منداڵان"، ڕێوی و گورگ و تەڵە،...هتد، تا ئێستاش لەخزمەتی منداڵاندا بەردەوامە لە نوسین، جگە لەو بەرهەم و دەقانەی کە بۆ زۆربەی گۆڤارەکانی منداڵانی کوردستانی نوسیوە، بێگومان ئەمەش لە بەردەوامی و خۆشویستنی پیشەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە.

## ٣. هەنگاوەکانی کاتی نوسین

لە هەنگاوی یەکەمدا تەنیا سیفەت و کەسایەتی نوسەرمان خستەڕوو لە پەیوەندی بە دونیای منداڵان بەر لە نوسین، لەهەنگاوی دووەمدا سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانە دەخەینەڕوو کە پێویستە نوسەر لە دەقەکەیدا بیخاتەڕوو بۆئەوەی پەیامە پەروەردەیی و فێرکارییەکەی خۆی بە منداڵانەوە بپێکێت؛ کەواتە مەبەست لە پەیوەندی نێوان نوسەر و دەقەکەیەتی بە دونیای منداڵانەوە، دەق" پێکهاتەیەکی زمانییە بۆئەوە دەنوسرێت، کە پەیامێك بگەیەنێتە وەرگر، جا ئەو پەیامە سود یا چێژ پێگەیاندن بێت " (عزیز،٢٠١٦، ٢٥)، مافی داهێنەرە و بە ئارەزووە مەندانە دایدەڕێژێت و بیر و ئەندێشەی خۆی تێکەڵدەکات، لە پێناو ئاڕاستەکردنی خوێنەر بۆ ئەو گۆشەیەیی کەخۆی مەبەستییەتی، بەڵام نوسەری ئەدەبی منداڵ پێویستە لە دەقەکەیدا، ئەو بەرگە هونەرییەی کە بەبەر دەقەکەیدا دەکات لەدونیای ئەوانەوە هەڵێنجابێ، بێگومان ئەو منداڵانەش گەشەی ژیری و جەستەییان وەك یەك نییە، دەشێ "٣ ساڵی" تێدابێت، یان "١٠ساڵی"، یائەوەتا "١٥ساڵی"بێت، بۆیە لەڕووی تەمەن و بیرکردنەوە جیاوازن لە گەورەساڵان و ئاستی چێژ و تێگەیشتن و لێکدانەوەیان بۆ ئەدەب جیاوازە، کەواتە "منداڵ شێوەی ئەوکانەی مرۆڤە کە لەڕووی گەشەی عەقڵی و جەستەییەوە پێنەگەیشتووە، توانای تێگەیشتن و بیرکردنەوەی وەك مرۆڤێکی پێگەیشتوو نییە"(عزیز،٢٠١٦، ٣٦)، زانا و فەیلەسوفان هەر لەسەرەتاوە بەچاوێکی پڕ لە بایەخەوە سەیری منداڵیان کردووە و لەهەوڵدابوونە بۆ پێگایەندنی. لەم ڕووەو بەسەر دوو بۆچوونی جیاواز دابەش بوون، لەوانە "جۆن لاك "١٦٣٢ - ١٧٠٤" باوەڕی وایە کە منداڵان لەڕێگەی نوسین و خوێندنەوە پەروەردە بکرێن، لەم ڕووەشەوە زیاتر گرنگی بە ڕۆڵی بەخێوکەرانی منداڵ دەدات، دەڵێت،"بیری منداڵ وەك کاغەزێکی سپی بەتاڵ وایە کە هەرچی زیاتر لەسەری بنوسرێ، هۆشی پێی زیاتر دەبێت"(حجازی،١٣٩٤، ٥٣)، بەشەکەی تریشیان پێیان وایە کە منداڵ خودی خۆیان توانایەکی باشیان بۆفێربوون هەیە بەبێ ئەوەی پێویست بکات، بەسەریاندا بسەپێنرێت، "بیاجە "١٨٩٦-١٩٨٠" بەپشت بەستن بە بۆچونەکەی "ڕۆسۆ-١٧١٢ - ١٧٧٨" دەڵێت،"منداڵ بونێکی زۆرچالاکی لە گەشەی هۆشییدا هەیە، منداڵ بە هۆکاری کارکردن فێردەبێت، جیهان بەبینین و لاسایکردنەوە لێکدەداتەوە" (حجازی،١٣٩٤، ٥٣)، بەمەرجێ پەیامێکی مرۆڤانە و پەروەردەکارانەی هەبێت، منداڵ بەلاسایکردنەوە دەشێ شتی باش و خراپ فێربێت، بەڵام لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە باشترینەکان فێردەبن، خاڵێکی دیکە کەمنداڵ و نوسەری منداڵان لەیەکتر نزیکدەکاتەوە خۆشویستنی باشیەکانە، لەلایەك "منداڵان دنیایەکی جوانیان هەیە، کە پڕە لە ئەندێشە و خەون و خەیاڵ و شتەباشەکان، ئەوان باشتر لەگەورەکان لەباشییەکان تێدەگەن"(عباسی،١٣٩٤، ١)، نوسەریش وێڵە بەشوێن هەموو باشییەکدا تا منداڵی پێ گۆش بکات، منداڵان بە سیفاتی جوانی و پاکی ناسراون، هەر پەروەردەیەکی هەڵەی نوسەریش ئەو بونەوەرە باشە بەرەو خراپەکاری پەلکێش دەکات، نوسەری منداڵان بەر لە نوسین دەربارەی منداڵ دەپرسێت "لەڕاستیدا ئەو کێیە؟ تواناکانی چەندە؟ حەز و پێداویستییەکانی چین؟ گۆڕانی جەستەیی و دەرونی و سۆزداری و ناسین لە خۆدی منداڵدا چۆنە"(قزل ایاغ،١٣٩٣، ١٠)، گەر نوسەر هەموو ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەیکردوو لەنوسینەکانیدا پەیڕەویکردن، ئەوسا تاکە خواست و ئارەزوی نوسەر ئەوەیە "کە چاوەڕێی دەستخۆشی لێکردن دەکات لەبەکارهێنەران و خوێنەرانی بەرهەمەکەی"(محمد،٢٠١٥، ٦) بەڵام لێرەشدا نوسەر دەستەوەستان دەوەستێت، چونکە منداڵان لەخوێندنەوەی دەقە ئەدەبیەکە بەولاوە شتێکی دیکە سەرنجی ڕاناکێشێت، بوون و نەبوونی نوسەر لای ئەو لای لێناکرێتەوە. گرنگترین ئەو هەنگاوانەش ئەمانەن:

### ١. زمان پاراوی

مامەڵەکردنی نوسەر لەگەڵ زماندا لە ئەدەبیاتی منداڵان و هەر چەشنە ئەدەبێکی دیکەدا کارێکی ئاسان نییە، ئەوان وەك سەرباز وان، ئەو سەربازەی کە توانای بەکارهێنانی چەکی باشتری هەیە هەمیشە سەرکەوتوترە، بەهەمان شێوە چەکی دەستی نوسەریش زمانە، کامیان لە هەموویان توانای بەکارهێنانی باشتری هەبێت لە هەمووان بلیمەتترە، "ژان پۆل سارتەر"١٩٠٥-١٩٨٠"لەکتێبی (ئەدەب چییە) دەڵێت، "زمان چییە؟ یەکێکە لە ئامرازەکانی پەیوەندی نێوان تاکەکانی مرۆڤ، گرنگترین و فراوانترینی ئەوان، ئاسانترین و لەهەمانکاتدا ئاڵۆزترینیانە"(سارتر،١٣٨٨، ٣٢)، بۆیە دەوترێت "نوسەری عەبقەری ئەوەیە کە گەورەترین توانای هەیە لە پێکهێنانی زمان بە گوێرەی ئامانجەکەی" (الماضی،٢٠١٠، ٨٧)، بۆیە نوسەری منداڵان ئەرکی قورسە، چونکە ئامانج لە ئەدەبی منداڵان پەروەردە و فێرکردنە بۆیە گەر زمانی دەق ڕون و بێ گرێ و گۆڵ نەبێت منداڵ لێی تێناگات و بگرە زوو هەست بەبێزاری دەکات و لەخوێندنەوەی دووردەکەوێتەوە، "پێویستە منداڵ کە دەیخوێنێتەوە، خۆی هەست بە مەبەستی نوسینەکە بکات و دەرسی لێ وەربگرێت"(فەرهادی،٢٠١٣، ٧٧)، هەرچەشنە هەڵەیەکی زمانی کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی منداڵ و بەلاڕێدابردنی هەیە، پێویستە نوسەر لە دونیای منداڵانەوە وشە و ڕستەکانی هەڵێنجێت و تێکەڵ بەدونیای خەیاڵ و دونیا ئەدەبیەکەی بکات، تا زیاتر بەچێشتر بێت، چونکە فەرهەنگی وشە لای منداڵان سنوردارە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنیان گۆڕانی بەسەردادێت. لەگەڵیشیدا سود لەوشەی تازە و نوێش وەربگرێت، بەڵام بەبڕی پێویست بەجۆرێك ئاڵۆزی لە بیری منداڵاندا دروست نەکات، چونکە"فەرهەنگی زارۆکانیش گەر بە وشەی نوێ و تازە بابەت پەروەردە نەکرێ ڕادەوەستێ و گەشەناکات"(ئەمین،١٩٨١، ١٦٩)، هەروەها بەکارهێنانی چەند وشەیەکی تازە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت، تا وێڵ بێت بەشوێن واتا و مەبەستی وشە تازەکە، بەهۆیەوە فەرهەنگی زمانی فراوانتردەکات.

لای کازم کۆیی زمان سادەیە بە جۆرێك لەسەرجەم نامیلکە و دیوان و بەرهەمەکانیدا دەقێکی وا نادۆزیتەوە لەلای منداڵ ئاڵۆز و ناڕوون بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نوسەر دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی کە ڕادەی تێگەیشتنی زمان لای منداڵ پەیوەستە بە ڕادەی گەشەی ژیری منداڵەکەوە، لەسەر ئەو بنچینەیە دەقەکەی پێشکەشکردووە،

بۆنمونه کاتێ نوسەر دەقێکی بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان نوسیبێت، زمانی دەقەکەی جۆرێکە لەگەڵ توانای تێگەیشتنی منداڵانی باخچەدا یەك دەگرێتەوە، وەك،

باخچەی ساوایان
من منداڵێکی کوردم
ژیر و بەدەست و بردم
باخچەکەم خاوێن و جوانە
گوڵزاری منداڵانە... (کۆیی،٢٠٠٦، ١٣٣)

لێرەدا نوسەر زمانێکی سادە پڕاوپڕ لە جوانی و بێگەردی و دوور لە وشەی ئاڵۆزی بەکارهێناوە، تا لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی منداڵانی ئەم قۆناغەدا بگونجێت، سودی لە وشەکانی "منداڵ، کورد، ژیر، باخچە، خاوێن و جوان، گوڵزار،...هتد" وەرگرتووە کە منداڵانی قۆناغی باخچە پێیان ئاشنایە، بۆئەوەی بیر و هۆشی منداڵان زیاتر بکاتەوە لەڕووی بەکارهێنانی زمانەوە، هاتووە ئەو وشانەی مەبەستەکانیان لێکەوە نزیکن پێکەوەی لکاندون، وەك "خاوێن و جوان، ژیر و دەست و برد" دەیەوێت فێری منداڵ بکات هەموو شتێکی پاك جوانە، یاخود منداڵی ژیر هەمیشە وریا و بەدەست و بردە، یاخود هەوڵ دەدات لەپاڵ وشەی "سوك"هوە، وشەیەکی تازەتر کەمانای لەو نزیکە فێری منداڵی بکات، کە وشەی "ئاسان"ە، نوسەر لەڕێگەی دوو وشەی هاوواتاوە ویستوویەتی فەرهەنگی منداڵ دەوڵەمەند بکات، وەك،

مامۆستامان دڵسۆزن
وەك دایکمان بەسۆزن
فێرمان دەکەن بەجوانی
بەسووك و بەئاسانی.... (کۆیی،٢٠٠٦، ١٣٣)

بەڵام نوسەر لەدەقی "هاواری کەم ئەندام"دا جیاوازتر مامەڵەی لەگەڵ زماندا کردووە.

ئەمڕۆ ڕۆژی کەم ئەندامی جیهانە
ڕۆژی لەرینەوەی زەنگی ویژدانە....
کەم ئەندامین هەستمان بەرزەو دڵ پاکین
وەك پەپوولە هەردەم شەیدای ڕووناکین... (کۆیی،٢٠٠٦، ٨٦)

ئاستی تێگەیشتن لە زمانی دەقەکە لە منداڵانی دەساڵ بەرەو سەرەوەیە، بۆیە سودی لەکۆمەڵێك وشەی قورس و پڕواتا بینیوە، بەتایبەت وشە نابەرجەستەکانی وەك، "ویژدان، گەشبین، هەست بەرز"، یاخود سودی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بینیوە، وەك" لەرینەوەی زەنگی ویژدان، شەیدای ڕووناکی" ئەمەش لە وریایی و زیرەکی نوسەرەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە دەڵێین زمان لای کازم کۆیی بەو جۆرەیە،

١. سادە و بێ گرێ و کۆڵ.
٢. لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنی منداڵییدا دەگۆڕێت.
٣. لەدونیای منداڵانەوە وەرگیراوە و تێکەڵ بەدونیایی ئەدەب کراوە.
٤. زمانێکی پەروەردەیی و فێرکارییە.

## ٢. ڕەچاوکردنی تەمەنی منداڵ

نوسەری منداڵان بۆ منداڵ دەنوسێت لە کاتێکدا منداڵان یەك جۆر تێگەیشتن و لێکدانەوەیان بۆ نوسینەکان نابێت، هەریەکە و بەپێی تەمەن و ئاستی وشیاری و ئەقڵیان جیاوازن، هەریەك لەوان لەهەر تەمەن و جۆرێکن لەگەڵ گەورەبوونیان لەڕووی جەستەوە ئەوا گەشەی عەقڵی و دەروونیشیان هەنگا و بە هەنگاو بەرەو پێش دەچێت، بۆیە نوسەریش کاتێ دەست دەداتە قەڵەم و نوسین بۆ منداڵان لە یەکەم هەنگاودا دەبێت قۆناغ و تەمەنی منداڵەکە دیاری بکات کە خۆی لەچوار قۆناغدا دەبینێتەوە،

١-قۆناغی یەکەم (٣ تا ٦ ساڵی)
٢-قۆناغی دووەم (٦ تا ٩ ساڵی)
٣-قۆناغی سێیەم (٩ تا ١٢ ساڵی)
٤-قۆناغی چوارەم (١٢ تا ١٨ ساڵی) (عزیز،٢٠١٦).

بەر لە سێ ساڵی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی سودی بۆ منداڵان نابێت، جگەلە هەندێ بەرهەمی فۆلکلۆری لەشێوەی (لای لایە)، کەدایکان بۆ کۆرپەکانیان وتووە، جیاکردنەوەی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ لای نوسەر بەجۆرێك گرنگە، کە نوسەرێکی ئەدەبی منداڵان دەڵێت، لەو دایك و باوکانەم پرسی کەوانەم پێیان دەوت سەبارەت بەقسەی منداڵەکانیان، یەکێ نوسیبوی:

"کچەکەم (محدثە) دوو ساڵە، ئەو هەموو شتێك وەك گیاندار دەبینێت، بۆنمونە پەرداخێك بەو دەدەم تا ئاو بخواتەوە، دەڵێم نەیشکێنی، لەوەڵامدا دەڵێت، دایە بکەوێ بشکێ، خونی لێدێت؟" (أصغر ارجی،١٣٩٠، ١٤).

لێرەدا نوسەر یەکسەر لە قسەکانی دایکی (محدثە)وە هەست دەکات کە ئەو منداڵانە لەقۆناغی یەکەم دایە و چونکە منداڵ حەزدەکات هەموو بونەوەرەکانی ژینگەی دەوروبەری خۆی بەقسە بهێنێت، ئەم کێشەیە دەتوانرێت لە ژیانی ڕاستەقینەی ئەواندا هەستی پێ بکرێت (مجدمیروت،١٣٩٣)، منداڵانی ئەو قۆناغە سیفەتی ڕوح بەبەرداکردنیان بۆ شتە بێ گیانەکانیش هەیە. هەروەها"بەتەنها لێکدانەوەی دەرونی و زانستی دەروناسی لە منداڵاندا بەس نییە، بەڵکو هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە کات و شوێن و ژینگەش ڕۆڵی گرنگی لە بەرەو پێشبردنی دونیایی منداڵاندا هەیە "(حجازی،١٣٨٧، ٤٩)، هەر نوسەرێکی منداڵانیش بتوانێت لەڕوانگەی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە بڕوانێتە دونیای منداڵ و بەرهەمەکانیان پێشکەش بکات، گومانی تیدانیە وەك نوسەرێکی سەرکەوتوو تەماشادەکرێت.

گەر سەیری بەرهەمەکانی منداڵانی کازم کۆیی، بکەین وردی وبیرتیژی نوسەر دەردەکەوێت، کە چۆن بە وریاییەوە خوێندنەوەی بۆ دونیای منداڵان و قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان کردووە، لەم بوارەدا تێکەڵاوی نابینرێت، "ئەگەرچی هیچ نوسەرێکی باش بڕیارنادات کتێبەکەی بۆ تەمەنێکی دیاریکراو بنوسێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەزانێت کە کتابەکەی زیاتر لەگەڵ تەمەنی هەرزەکاری یا تەمەنەکانی دی گونجاوە"(ایمن اهی،١٣٦٣، ٥٩)، بۆیە کاتێ دەقێکی نوسیوە لەسەرەتاوە تاکۆتای دەقەکە یەك قۆناغی دیاریکراوی لەبەرچاوگرتووە، توانای نوسەر لەسرودەکانی کتێبی "سرودی خۆشەویستی خوێندن" دەردەکەوێت، لە پێشەکی ئەم کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە لەنوسینی دەقەکانیدا سودی لە توانای پسپۆڕانی دەرونی وەرگرتووە و دەڵێت: "لەساڵی (٢٠٠٣) لەگەڵ چەند پسپۆڕێکی شارەزا لەبواری پەروەردەی دەرونزانی و زمان لەوانە بەڕێزان د.بەدرخان سندی پرۆفیسۆری دەروونزانی پەروەردەیی، د. عومەر ئیبراهیم عەزیز پرۆفیسۆری دەروونزانی پەروەردەیی، د.فاتیمە ڕەشید حەسەن پرۆفیسۆری زانستی زمانی پراکتیکی، بەژداریم لە پرۆژەی قوتابخانەی هاوڕێی سەر بەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بەدانانی چەند سرودێك.."(کۆیی، ٢٠٠٩، ٤).

ئەگەرچی خۆی شارەزای دونیای دەرونی منداڵانە، لەگەڵێشیدا پشتی بەتوانا و لێهاتووی کەسانی پسپۆڕی ئەم بوارە بەستووە.

لەدانانی ئەم سرودانەدا نوسەر پەیڕەوی قۆناغ و تەمەنە جیاوازەکانی کردووە، بۆهەر

تەمەن و قۆناغێك بەپێی ئاستی خوێندنیان، بەرهەمەکانی پێشکەش کردون، بۆنمونە ئەو سرودانەی کە بۆ قوتابخانە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی نوسیوە، کە تەمەنیان لەنێوان "٦ بۆ ١٢"سالاندایە، سرودەکانی لەگەڵ دونیای دەرونی و قۆناغەکانی تەمەنی ئەواندا گونجاو و دروستە، لەسرودی (قوتابخانەی ئاهەنگ) دەنوسێت،

قوتابیم وەکو هەنگم
لەقوتابخانەی ئاهەنگم
بۆ کوردستانی شیرین
زانست دەکەم بە هەنگوین..... (کۆییa، ٢٠٠٩، ٩)

نووسەر بەکێش و مۆسیقایەکی دلڕفێن و خۆش لەسەر زار، سرودەکەی بۆیان نوسیوە، لە ڕوی زمان و تێگەیشتنەوە ئاسان و ڕەوانە بە ئاسانی منداڵانی ئەو قۆناغە لێی تێدەگەن، سەیرەکە لەوەدایە هەموو سرودەکانی تریش کە بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکانی نوسیوە، لای هەموویان یەك ڕێسای پەیڕەوکردووە کە لەگەڵ منداڵانی سەرەتاییدا بگونجێت، بەڵام ئەو دەقە سرودانەی بۆ قوتابخانە دواناوەندییەکانی نوسیوە، کە لەقۆناغی هەرزەکارییدان، جیاوازتر هەنگاوی ناوە. لەسرودی "دەنگی بەهرەداران"

ئێمە قوتابی دواناوەندی هەولێرین
بەهرەدارین ئازاین وەك بەچکە شێرین
کوڕ و کچ وەك چەپکە گوڵ تێکەڵاوین
وەك لاولاوە لەقوتابخانە ئاڵاوین.... (کۆییa، ٢٠٠٩، ١٨)

هەر لە ناونیشانی سرودەکەوە جیاوازتر دەردەکەوێت، لەبری ناوی قوتابخانەکە ناوی بەهرەدارانی قوتابخانەکەی نوسیوە، لەڕووی کێشی شیعرەکەشەوە کێشی" ١٢بڕگەیی" بەکارهێناوە، کە وتنەوەی وەك کێشی "٧بڕگەیی" ئاسان نییە، کە سرودەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی پی داڕشتووە، هەروەها لەڕوی بەکارهێنانی زمانیش جیاوازتر مامەڵەی لەگەڵ هەرزەکاران کردووە تاوەکو تێکەڵی دونیای ئەوان ببێت.

هەروەها ئەوەی زیاتر شارەزایی نوسەر لەم بوارەدا دەخاتەڕوو، ئەو سرودانەیە کەبۆ باخچەکانی نوسیوە، کە ئاستی تێگەیشتنیان بۆ دەقە ئەدەبییەکان زۆر سادە و ساکارە، لە سرودی "باخچەی ڕوناکی"دا،

پەپولەی ڕەنگاوڕەنگین
تێدەکۆشین وەك هەنگین
ڕووناکی باخچەمانە
ئەستێرەی نیشتمانە.... (کۆییa، ٢٠٠٩، ٢٠)

نوسەر دونیای منداڵانی ئەو قۆناغەی باش خوێندوەتەوە، کە چۆن سودی لەو ناو و ئاوەڵناوانە وەرگرتووە، کەلای منداڵان خۆشەویستن، وەك "پەپولە، هەنگ، ڕەنگاو ڕەنگ، ئەستێرە...هتد".

جگەلەمە سەرجەمی دەقە چیرۆکەکانی "زەنگۆڵەی کاریلەکان"، یەك قۆناغی تەمەنی منداڵی لەبەرچاو گرتووە، کەقۆناغی ٦ بۆ ٩ساڵییە، کتومت دەقەکان بەسەر ئەواندا پڕاکتیزە دەکرێت، وەك لەدەقی "ئامانجی رك گرتوو" ئامانج منداڵێکە ڕقەی گرتووە، بەقسەی دایکی ناکات و خۆی ناشوات، بە پیسی دەچێت بۆ قوتابخانە و مامۆستا ئامۆژگاری دەکات... هەموومان ئەو دیمەنەمان بینیوە یاخود لەقۆناغی منداڵیماندا چۆن لەخۆشوشتن دەترساین و ڕقمان لێی بوو. هەروەها نوسەر خۆشی هەستی بەوەکردووە. بەشێکی ئەو چیرۆکانەی کردووە بە پڕۆگرامی خوێندن لەخوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی لەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان، وەك دەقەکانی "پەشیمانی، چۆلەکە بچکۆلەکە".

### ٣. فێرکار و پەروەردەکار

نوسینی هەر چەشنە دەقێکی ئەدەبی، گەیاندنی پەیامێکە، ئەو پەیامە لە ئەدەبی منداڵاندا پەروەردە و فێرکردنەو، لە پێناو بنیادنان و دروستکردنی نەوەیەکی وشیار و چالاك، بۆ بەدیهێنانی ئایندەیەکی باشتر، بۆیە دەوترێت،"ئەدەبی منداڵان بەناوەندێکی پەروەردەیی دادەنرێت و بوار بۆ منداڵان دەرەخسێنێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە و شارەزایی پەیدابکەن بۆ بەردەوامبوون لەگەشە و دۆزینەوەی زانیاری و مەعریفە بە ڕێگای هەڵچون و وروژاندنی بەهرەکانیان"(فەرەج و مصطفى،٢٠١٤، ٨٧)، ئەمەش ئەنجامی خەمخۆری و هەستی بەرپرسیاریەتی نوسەرە بەرامبەر بە منداڵ، نوسەر درکی بەوەکردووە کە خۆشەویستی ئەدەب لای منداڵ هێندە قوڵ و کاریگەرە ئەگەر ئەم دەقە بەرگێکی پەروەردەیی و فێرکاریی بەبەردا بکرێت، ئەوا دەتوانین ئەو چینە لاوە بنیادبنێین کە خۆمان مەبەستمانە. لە ئایندەدا دەکرێ سودی لێ وەربگیرێت، دەشێ لەڕوانگەی "ڕۆسۆ"وە "١٧١٢-١٧٧٨" سەیری پەروەردەکردنی منداڵ بکرێت، کە دەڵێت،"ئەرکی پەروەردە ئەوەیە کاربکات بۆ ڕەخساندنی دەرفەتە مرۆڤایەتییەکان تاکو منداڵ لەسەر سروشتی خۆی گەشەبکات و لەڕوانگەی خواستو ئاواتەکانیەوە سەرچاوەی گرتبێت"(ئالانی،٢٠١٤، ٧٩)، نابێت ئامانجی تەنیا نوسین و بڵاوکردنەوەبێت، بەڵکو، "ئەو بەرهەمەی پێشکەشی منداڵان دەکرێت پێویستە کلیلێ بێت بۆکردنەوەی دەرگای تێگەیشتن لە کێشەو ڕوداوەکان، بەمەش لە ترس و دوودڵی دوریان دەخاتەوە"(فەرەج،٢٠١٣، ٥٥)، نوسەر پێویستە سەرجەم ڕەوشتە بەرزرەکانی لەخۆیدا کۆکردبێتەوە، "ئەفلاتون" زیاتر مەبەستەکە دەپێکێت، لەکتێبی کۆماردا لەبارەی گرنگی داستان دەڵێت،" نابێت بهێڵرێت منداڵان و هەرزەکاران کە بونیان بۆ ئایندەی وڵات پێویستە لەڕێگەی بیستنی چیرۆك و خورافیات لەڕێگا لابدەن و گومڕابن"(شمیسا،١٣٧٨، ٢٨٣)، ئەگەرچی ئەفلاتون هەرچەشنە ئەدەبێك ڕەتدەکاتەوە، بەشێکی داستان نەبێت، بەڵام خودی داستانیش بۆمنداڵ ڕەتدەکاتەوە بەهۆکاری ئەوەی کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر ڕەوشتی منداڵ، چ جای ئەوەی بەرهەمێك بۆ منداڵ بێت و ڕەوشتیان تێك بدات، کە وەك کۆڵەکەی سەرەکی کۆمەڵگە بۆ ئایندەی وڵات سەیری کردون.

کازم کۆیی، لەسەرجەم بەرهەمەکانیدا مەبەستییەتی نەوەیەك پێ بگەیەنێت پایەکانی ئایندەی وڵاتی لەسەر بنیادبنێت، بۆیە لە دەقەکانیدا چەند مەبەستێکی پەروەردەیی دەردەکەوێت:

#### أ. یان لەسەر بنچینەی پێکەوەژیان و لێ بوردەی و خۆشەویستی

ئەمە لای نوسەر مەرجی سەرەکییە، وەك لەدەقەکانی "ئۆپەرێتی تالاسیما، هاوڕێیەتی، ئۆپەرێتی یەکگرتن، بەزەیی، دڵسۆزی، یەکیەتی، یارمەتی، دۆستایەتی،....هتد" هەرلە ناونیشانی دەقەکانەوە مەبەستی نوسەر دەردەکەوێت، لەدەقی (**هاوڕێیەتی**)دا هانی منداڵان دەدات یەکتریان خۆشبوێت و هاوکاری یەکتربن لەبری شەڕ و توڕەبوون:

کاك هەڵمەت بەیانیت باش
ژیانت باش کاکە سورداش...
ئایا تۆ ئاگات لێیە؟
کامەڕان لەناو جێیە.....
ئایا ئەمڕۆ دەتوانی
پێکرا بچینە سەردانی.... (کۆیی،٢٠٠٦، ٢٢٣)

**ب.   خۆشویستنی وڵات و بەرزکردنەوەی گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی**

بەشێکی زۆری دەقەکانی لەخۆ گرتووە، دەیەوێت پێمان بڵێت هاوڕێیەتی و دڵسۆزی و هاوکاری بەبێ پاراستن و خۆشەویستی وڵات سوودی نییە، وەك لەدەقەکانی، "نەورۆز، پێشمەرگەم، لەم کوردستانە، کوردم، شەهیدی کوردستان، کوردستان، ئاڵا، نیشتمان،...هتد"، نوسەر لەدەقی "**نیشتماندا**" منداڵێك بنیاد دەنێت کە خۆشەویستی وڵات لەدڵ و دەرونیدا چەکەرەبکات.

پاراستنی نیشتمان
پێویستە لەسەر گشتمان....
بۆیە دەبێت هەمووکات
پێشمەرگەبین بۆ وڵات... (کۆیی،٢٠٠٦، ١٢٧)

**ج. پێگەیاندنی نەوەیەك لەسەر بنچینەی پەروەردەیەکی ئاینی**

نوسەر هەستی بەوەکردووە، کە ئاین بۆ پەروەردەکردن و دورکردنەوەی مرۆڤایەتی هاتۆتە ئاراوە، لە ڕێگەی بەشێك لە ڕێسا و بنەماکانی ئاینی ئیسلامەوە دەیەوێت نەوەکانی دوارۆژی کورد پەروەردە بکات، وەك لە دەقەکانی "موسڵمانم، موسڵمانین، ڕەمەزان، بانگ، منداڵ و ئاین"، لەدەقی "**ڕەمەزان**"دا نوسەر دەیەوێت ئەوە بە منداڵان بڵێت ئێمە کە ڕۆژو دەگرین بۆئەوەیە کە منداڵانی برسیمان لەیادبێت کاتێ لەقوتابخانەین یا ناو منداڵان:

ڕۆژی مانگی ڕەمەزان
ئامۆژگارییە بۆ هەمووان
بێ هێزی، تینووی، برسی
تا لەهەژار بپرسی (کۆیی،٢٠٠٦، ٧٣)

**د. کۆڵنەدان و مانەوە لە ژیان**

بنەمایەکی گرنگە لای کازم کۆیی کە هانی منداڵ دەدات بۆ کارکردن و مانەوە لە ژیان لەو پێناوەدا داوای تێکۆشان و ماندوبون دەکات، وەك لەدەقەکانی، "شوان، گەنم چاندن، جووتیار، ژیان هەوڵ و تێکۆشانە، تەمبەڵی و سستی، ئاسنگەر، دارتاش، وەستای خانوو، کارکردن،...." لەدەقی "گەنم چاندن"دا بەڕونی دەردەکەوێت:

وا سەرەتای زستانە
ئێنجا کاتی کێڵانە...
دەبێتە ئاردیکی جوان
دەیکەین بە کولێرە و نان (کۆیی،٢٠٠٦، ٥٥)

**هـ. ڕوانین بۆ داهاتوو و هیواخواستن**

نوسەر زۆرجار دەقی بۆ کەسێکی تایبەت نوسیوە، کاتێ منداڵێکی بچووکی دیوە یاخود داوایان لێ کردووە دەقێکی شیعری بۆ بنوسێت، کاتێ منداڵەکە گەورەدەبێت ئەم هۆنراوەیە دەبێت بە هاندەرێکی باش بۆئەوەی بەخۆشەویستی و دڵسۆزییەوە بڕوانێتە ژیان، وەك لەدەقە شیعری "هێژاخان"دا دەردەکەوێت:

ئەی هێژاخان پەپوولەی جوان
ئاسکۆڵەی مێرگی کوردستان
کێ تێ دەگا کێ دەزانی
بەرەو کوێ بۆچی دەڕوانی.... (کۆیی،٢٠٠٦، ١١٦)

نوسەر بەم ڕێگایانە هەوڵدەدات منداڵێکی ڕەوشت بەرز پێ بگەیەنێت لەسەر بنچینەی خۆشەویستی خاك و ئاین و هەوڵ و کۆشش لە پێناو بنیادنانی ئایندەیەکی باشتر.

**٤. لەڕاستی چوون**

ئەگەرچی بەرهەمی ئەدەبی بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤە، بەڵام دەبێت لە ڕاستی بچێت و لۆژیك لەخۆی بگرێ. مەبەست ئەوەیە کاتێ منداڵان دەیخوێننەوە، یا بۆی دەخوێنرێتەوە واهەست بکات ڕاستە و سەرنجی ڕابکێشێت. هەرچەشنە بەرهەمێکی ئەدەبی منداڵان لەخودی خۆیدا بەدەرنییە لە خورافیات و سەیروسەمرە، بەڵام ئەمانە لەدەقی ئەدەبی منداڵاندا دەبێت لەپێناو ڕاکێشانی سەرنجی منداڵ بێت، نەك ئەوەی منداڵ لە خوێندنەوەی دەقەکەوە هەست بەدرۆیەکی گەورە بکات، یاخود لە ڕێگەیەوە فێری درۆکردن بێت و لای بێت بە شتێکی باش، چونکە ئەوان ڕەنگدانەوەی ئەوانەن کەخۆشیان دەوێن، واتە ئاساییە نوسەر کارەکتەرەکانی فیل و مشك بن و هاوکاری یەك بکەن، بەڵام هەرگیز نابێت نوسەر دیمەنێکی وا پیشان بدات کە مشکەکە فیلەکە بخوات، یاخود لەکۆڵی بکات، ئەمەخاڵێکی زۆر بنچینەیی یە لە ئەدەبی منداڵاندا کە پێویستە نوسەران بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدابکەن، چونکە "هەر لە ڕێگەی وریایی نوسەرەوە قەناعەت لە دڵی منداڵدا سەوز دەبێت. بێ دوودڵی بڕوادەکا ئەو پاڵەوانەی ئەو دەی خوێنێتەوە کت و مت ڕاستەو دەست هەڵبەست نییە، کەواشی زانی ئەوجا نوسینەکە لەژیانیدا ڕەنگدەداتەوە"(ئەمین،١٩٨١، ١٨٠).

کازم کۆیی، لە لەهەردوو بەشی "گەشتی دارستان"دا بەجۆرێك وەسفی ئاژەڵەکان دەکات کت ومت وەك خۆیان بەبێ زیادکردنی ناڕاستییەك (مبالغە) بەجۆرێك منداڵ کە دەی خوێنێتەوە هەستدەکات وەسفەکان هەمان ئەو ئاژەڵانەن کە ئەو زانیاری لەبارەیانەوە هەیە، ئەگەر چەند نمونەیەك بهێنینەوە، لەوەسفی شێردا دەڵێت:

لێرە گەورەی هەموانە
خۆی پاشای دارستانە (کۆیی،٢٠٠٦، ٣٢٦)

لەوەسفی گورگدا دەڵێت:

لەکاری باش ناپرسێ
زۆر لەئاگر دەترسێ (کۆیی،٢٠٠٦، ٣٢٧)

بەم شێوەیە نوسەر دەیەوێت زانیاری دەربارەی ئاژەڵان بەمنداڵان بدات، بەو جۆرەی کە لە ڕاستیدا هەیە، نەك شتێك بداتە پاڵیان کە دوربێت لە ڕاستی و هەر لە خوێندنەوەیدا منداڵ هەست بەدرۆیەکی گەورە بکات.

کازم کۆیی لەچیرۆکەکانیدا ئەگەر چی بەشێکیان لەسەر زاری ئاژەڵانە، بەڵام نوسەر لە ڕێگەی گیاندارانەوە ڕاستییەك نیشاندەدات، کە منداڵ دەیخوێنێتەوە، یا دەیبیستێ هەستدەکات ڕاستن، لە چیرۆکی "چۆلەکە بچکۆلەکە" دا باس لە بێچووە چۆلەکەیەك دەکات کە لە هێلانەکەیدا هەڵدەفڕێت و دەکەوێتە بەر باران و تەواوی گیانی تەڕدەبێت و توانای هەڵفڕینی نامێنێ، منداڵ کە ئەم چیرۆکە بخوێنێتەوە سەرنجی ڕادەکێشێت، واهەست دەکات کە بەتەواوی لەنێو ڕووداوەکەدایە و ڕاستەقینەیە، چونکە ئەم دیمەنە لە ژیانی ڕاستەقینەی منداڵاندا هەیە و ئەزمونکراوە؛ کاتێکیش نوسەر ئەم دیمەنە دەخاتە بەرگێکی ئەدەبیەوە پێویستە بەرگێکی لۆژیکی و ڕویەکی ڕاستەقینەی بە بەردابکات، بۆنمونە:

"ئێوارەیەکی درەنگ بوو لەپڕ هەورێکی ڕەش ئاسمانی داگرت و بارانێکی زۆرباری، بێچووە چۆلەکەیەك کە بەبێ ئاگاداری دایك و باوکییەوە لە هێلانەکەی هەڵفڕیبوو، باران وا تەڕیکردبوو کە توانای فڕینی نەمابوو، لەسەرمانیش لەسەر لقی درەختەکە هەڵدەلەرزی، دایك و باوکیشی زۆر بۆی بە پەرۆش بوون بەدوایدا دەگەڕان لەناکاو گوێیان لە جریوە جریوی بێچووەکەیان بوو کە بانگی دایە و باوەی دەکرد، دایە و

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n1y2019.pp9-21

باوەی دڵتەنگیش خێرا بەهانایەوە چوون هێنایانەوە ناو هێلانە گەرمەکەی خۆیان، لە باوەشی دایە و باوە گەرمبۆوە و لێی نوست... " (کۆیی، ٢٠٠٩، ٢٢).
بەم شێوەیە نوسەر ڕاستگۆیانە بەرهەمەکانی پێشکەشی منداڵ کردووە.

**٥. هاوسەنگی ڕەگەزی**

زۆرجاری واهەیە چەند منداڵێکی کوڕ و کچی هاوتەمەن بەیەکەوە دەقێکی چیرۆك دەخوێننەوە، بەڵام هەر زوو سەرجەم کچەکان لێی بێزاردەبن و دووردەکەونەوە، ئەمەش یەکێکی ترە لە کەم وکووڕی نوسین لای نوسەری ئەدەبی منداڵان کە دەبێت زۆر بەوریاییەوە ئاگاداری بن، ئەو نوسەرانەی بەیەکچاو سەیری هەردوو ڕەگەز دەکەن هەمیشە بەرهەمەکانیان بەهێزتر و جوانتر و سەرنجڕاکێشترە لای منداڵان، چونکە ئەو نوسەرانە بەو کارەیان گیانی هاوکاری لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا بنیاد دەنێن، جیاوازی ڕەگەزی لەڕوانگەی ئەنجامدانی کار و بەرپرسیارییەتی دا ناهێڵن، ئەگەر نوسەر دەقێکی شیعری بەناونیشانی "بوکە شوشە" نوسی ئاساییە، کە سەرنجی منداڵی کوڕ ڕانەکێشێت، بەڵام هەرگیز ئاسایی نییە نوسەر لەسەدا (٨٠%)ی شیعرەکانی بۆ ڕەگەزی مێینە بێت، یاخود بەپێچەوانەوە، ئەگەر سەرنجێك بدەینە دیوانی "نەوەکانی چریکەی دوارۆژ"ی کازم کۆیی، ئەم تایبەتمەندییەی لەسەر پراکتیزەبکەین توانا و وریایی نوسەرمان بە وردی بۆدەردەکەوێت، ئەم دیوانە (٢٣٢) شیعر و ئۆپەرێتی منداڵان لە خۆدەگرێت کە کۆکراوەی بەشێکی نامیلکە و بەرهەمەکانی نوسەرە، تیایدا نوسەر لەکۆی گشتی هەموو بەرهەمەکاندا جیاوازی ڕەگەزی بەم جۆرەیە:
ناونیشان، لەکۆی ٣٣٢ بەرهەم،
ڕەگەزی نێرینە، ٦ بەرهەم
ڕەگەزی مێینە، ٥ بەرهەم
هەردوو ڕەگەز، ٢٢١ بەرهەم

وێنەی (٢)
بەخشەی جیاوازی ڕەگەزی




ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کەنوسەر بەگشتی هەردوو ڕەگەزی لەبەرچاو گرتووە، کە گوزارشتە لە ئاستی ڕۆشنبیری و وشیاری نوسەر بەرامبەر منداڵان بە بێ جیاوازی ڕەگەزی، لە دەقی "**دارلاستیك**"دا نوسەر منداڵی کوڕی لەبەرچاو گرتووە، چونکە دارلاستیك زیاتر لەناو منداڵانی کوڕدا باوە و کەمتر سەرنجی کچان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت:
ئەی منداڵە جوانەکان
یەك لەشتە خراپەکان
دارلاستیکە دارلاستیك
دووتاك لاستیکی باریك...... (کۆیی،٢٠٠٦، ١١٢)

هەروەها لەدەقی "بووکە شووشوکەم"دا نوسەر زیاتر منداڵی کچی لەبەرچاو گرتووە و سەرنجی منداڵی کوڕ بەلای خۆیدا ڕاناکێششت و بگرە ڕقیشیان لێیەتی:
بووکە شووشە جوانەکەم
بەخێر بێی میوانەکەم
تۆم خۆش دەوێ پڕ بەدڵ
ڕوومەت سووری خونچە گوڵ (کۆیی،٢٠٠٦، ٣٨)
لەو دەقانەشی هەردوو ڕەگەزی لەبەرچاوگرتووە، بەم دوو شێوەی خوارەوە:
١. یائەوەتا نوسەر ناونیشانی دەقەکەی هاوبەشە، وەك لە شعیری "هەژارم"دا، وەك لەناونیشانەکەوە دیارە هەژاری ئاوەڵناویکە دەکرێ بخریتە پاڵ ڕەگەزی نێرینە، هەم مێینەش:
هەژارم من هەژارم
لەم شارە کاسبکارم...... (کۆیی،٢٠٠٦، ٧٠)
گەر سەرنج بدەین، لە ژیانی ڕۆژانەماندا چەندین منداڵی کوڕ و کچ دەبینین کە لەسەر جادە و نێو کۆڵان و بازارەکاندا خەریکی کارن، بەهەمان شێوە نوسەریش هاتووە هەردووکیانی بە یەك چاو لە شیعرەکەیدا خستووەتە ڕوو.
٢. یا ئەوەتا لەڕێگەی کەسایەتییەکانی ناو دەقەکەیەوە، کە ئاماژەی بەهەردوو ڕەگەز داوە،لەدەقی "حەزی دوارۆژ"دا نوسەر لەسەرەتادا وتەکانی بۆهەردوو ڕەگەز دەخاتەڕوو، دواتر وەك مامۆستایەك پرسیارەکانی ئاڕاستەی قوتابیەکانی دەکات، بەم جۆرە:
زۆر حەزدەکەم بزانم
حەزی قوتابییەکانم
چیت حەزلێیە تۆ <u>هۆشیار</u>
مامۆستا من ئەندازیار
ئەی کچی خۆم <u>ئاوێستا</u>
من دەبم بە مامۆستا.... (ل ٢٦٠)
بەم جۆرە نوسەر ئەگەرچی چەند دەقێکی کەمی بۆ ڕەگەزی جیاواز بەتایبەت نوسیوە، بەڵام ئەمە شتێکی ئاساییە لەدیوانێکدا کە (٣٣٢ دەق) بۆمنداڵان لەخۆگرتووە، چەند دەقێکی کەمی لەم جۆرە بەدی بکرێت.

**٦. دور لە ئامۆژگاری ڕاستەوخۆ**

هەر یەك لە ئێمە بۆ چەند ساتێك بگەڕێنەوە یادی منداڵیمان لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، خۆشترین کاتەکان ئەو ساتانەبون کە زەنگ لێیدەدا و لە پۆلدا دەهاتینە دەرەوە، چونکە سروشتی منداڵ وایە حەز بە فێرکردنی زۆرەملێ ناکات، بۆیە نوسەران دەبێت وریابن، دوربکەونەوە لە گەیاندنی ئامۆژگاری ڕاستەوخۆ، دەبێت ئەوە بزانن کە خودی منداڵ لە پێناو ئەوەدا چیرۆك و شیعر ناخوێنێتەوە تا لەڕێگەیەوە فێربێت و پەروەردەیەکی باش وەرگرێت؛ بەڵکو ئەوان لە خودی خۆیاندا خواست و خولیای زۆریان بۆ بەرهەمی ئەدەبی هەبو چێژی لێ وەردەگرن. نوسەر بەشێوازێکی هونەری و شاراوە پەیامەکەی خۆی بەمنداڵان دەگەیەنێت، بێ ئەوەی منداڵان هەستی پێ بکەن، هەر لەبەر ئەوەشە دەبێت نوسەر بزانێت کەچی دەنوسێت. بۆنمونە نوسەر گەر لەپۆلدا ڕۆڵی مامۆستا بگێڕێت پەروەردەیەکی هەڵەی منداڵان بکات، پێیان بڵێت پێویستە شەربکەن، لێرەدا یەکسەر منداڵەکان لەناوخۆیاندا هەڵوەستە دەکەن، باشە مامۆستا بۆ وای وت، بەڵام هەمان پەروەردە لە دەقی چیرۆکێکدا کە نوسەر هانی دوو منداڵ دەدات شەربکەن، لێرەدا بەپێچەوانەوە منداڵان چێژی لێ وەردەگرن و

دەبێت بەهاندەر بۆیان، چونکە پەیامی نوسەر شاراوەیە و منداڵ درکی پێ ناکات.
کازم کۆیی، وەك نوسەرێك هەوڵیداوە دەقەکانی بە جۆرێ پێشکەشی منداڵان بکات، کەوا جێگەی خۆی لەنێو دڵیاندا بکاتەوە. هەمیشە لەناو شیعر و چیرۆکە جوانەکانیدا پەیامێکی ئامۆژگاری بەپێز بەناڕاستەوخۆیی دەگەیەنێتە منداڵان، هەرگیز هەوڵینەداوە ئامۆژگارییەکانی بەسەر منداڵاندا بسەپێنێت، بەڵکو ئەوە منداڵان خۆشی و چێژ لە دەقەکانی نوسەر وەردەگرن و بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێت و هەستی پێ بکەن، لەگەڵیشیدا ئامۆژگاری بەسود وەردەگرن، لە شیعری "**گورج و گۆڵی**" کە زیاتر بۆ قۆناغی منداڵانی "٦ بۆ ٩ساڵان" گونجاوە، بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ ئامۆژگاری منداڵان دەکات:

پەڕیەوە لەئاوێ
پێڵاوم کەوتە ناوێ
دارەکی درێژم هێنا
پێڵاوەکەم دەرهێنا
یەکسەردام نابەرهەتاو
تا وشك بۆوە تەواو.... (کۆیی،٢٠٠٦، ٢٠٦)

نوسەر لەم شیعرەدا کۆمەڵێك ئامۆژگاری دەگەیەنێتە منداڵ، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە منداڵ کاتێ ئەو هۆنراوەیە دەخوێنێتەوە و لەبەری دەکات هیچ کات بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری ئەمە ناکات، بەڵکو ئەو چێژی لێ وەردەگرێت. بەڵام ئەوە نوسەرە زۆر بەوریاییەوە بە ناڕاستەوخۆیی ئامۆژگاری منداڵان دەکات، لەڕێگەی ئەم تەکنیکانەی خوارەوە:

**١.** نوسەر لەسەر زاری کەسی خوێنەر نوسیویەتی، واتە ئەوەی بیخوێنێتەوە گوزارشت لە خودی خۆی دەکات، کە پێڵاوی کەوتۆتە ئاوەکەوە و لەبری ئەوەی خۆشی بچێتە ئاوەکە و تەڕبێت، سودی لە دارێکی درێژ بینیوە و پێڵاوەکەی پێ دەرهێناوە.
**٢.** لەکۆتاییشدا نوسەر تەکنیکێکی دیکەی بەکارهێناوە ئەویش ئەوەیە، کە کەسی خوێنەر خۆی فەرمان بەسەرخۆیدا دەکات، لە کاتی خوێندنەوەدا کە دەبێت چالاك و توندو تۆڵبێت.

لەم ڕێگەیەوە منداڵ هەموو ئەو ئامۆژگارییانە وەردەگرێت و لە ژیانیشیدا سودی لێ دەبینێت. بگرە زۆرجار ئەنجامدانی هەندێ کار لای منداڵان سەرسوڕمان لای دایك و باوکانیان دروست دەکات، چونکە ئەوان فێریان نەکردووە و لە پرۆگرامی خوێندنیشدا نییە، بەڵام کاتێ سەیری کتێبی چیرۆك و شیعرەکانی دەکەیت کەسێکی دیکە لە پشت پەردەوە بە شاراوەیی پەروەردەیەکی جوان دەخاتە گشت ماڵێکەوە کە نوسەری ئەدەبی منداڵانە.

یاخود لەشیعری منداڵانی" پیادە " ئامۆژگاری لەڕێگەی خوێنەرەوە دەگەیەنێتە کەسانی دیکە، منداڵ کاتێ شیعرەکە دەخوێنێتەوە ئەوەندەی هەست دەکات ئەو ئامۆژگاری بۆ کەسانی دیکەیە دەدات ئەوەندە هەست ناکات کە خۆشی بە ناڕاستەوخۆیی ئامۆژگاریەکە وەردەگرێت:

ئەی هاووڵاتی پیادە
کاتێ دەڕۆی لەجادە
دژی یاسای هاتووچۆ
بەناو شەقامدا مەڕۆ.. (کۆیی،٢٠٠٦، ٢٩٠)

هەروەها لە "تۆپەڕێنی تالاسیا"دا، نوسەر لەو دەقەدا لەسەر کێش و ڕیتمێکی جوان و زمانێکی سادە باس لەنەخۆشەکی ترسناك دەکات، کە لە ئەنجامی ناوشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەوە ڕووبەڕووی منداڵانی بێ تاوان دەبن. لێرەدا نوسەر لەسەر زاری چەند کەسێك هەندێکیان توشبون، دایك و باوکی توشبو، هەمووشیان پێکەوە، بەم جۆرە ئامۆژگاری دەگەیەنێت بەناڕاستەوخۆیی،

١. ئامۆژگاری بۆ منداڵانی توشبوو:

کەسێکی تووش بووی تر
بەڵێ هەر چەندە نەخۆشین
کۆڵنادەین و تێدەکۆشین
تا دوا هەناسەمان تیایە
هەوڵدەدەین لەم دونیایە... (کۆیی، ٢٠٠٤، ٨)

نوسەر لەڕێگەی توشبووێك دەیەوێت ئامۆژگاری منداڵی توشبوی دیکە بکات، کە دەبێت خۆڕاگر و بەهێزبن، چونکە دەکرێ وەك شانۆ لە بەرچاوی منداڵانی توشبو پێشکەش بکرێت، لەڕێگەیەوە هێز و گڕوتین ببەخشرێت پێیان، بەبێ ئەوەی منداڵانی توشبو هەست بە ئامۆژگارییەکی ڕاستەوخۆ بکەن.

٢. ئامۆژگاری بۆ منداڵانی لەشساغ:

نوسەر لەسەر زاری خوێن بەخشێك ئامۆژگاری ناڕاستەوخۆ بەمنداڵانی لەش ساغ دەدات، کەدەبێت منداڵانی توشبویان خۆشبوێت و گەر پێویستی کرد خوێنیان پێ ببەخشن:

من سۆزدارم من خوێن بەخشم
خوێنی گەشی خۆم دەبەخشم
بۆ کەم خوێن و بۆ نەخۆشان
زۆر دوورم لە خوێن فرۆشان.... (کۆیی، ٢٠٠٤، ١٠)

٣. ئامۆژگاری لەڕێگەی دایك و باوکەوە بۆ منداڵان بەگشتی:

سزای ئەوەی پەشیمانین
هاوار دەکەین تا لەژیانین
هەتا خویتان نەپشکنن
نەکەن بین بەمێرد و ژن.... (کۆیی، ٢٠٠٤، ١٢)

نوسەر سوودی لەکەسایەتی دایك و باوکی توشبوان وەرگرتووە لەڕێگەی ئەوانەوە بە ناڕاستەوخۆی ئامۆژگاری دەدات بەسەرجەم منداڵان، بەم جۆرە نوسەر سودی لەڕێگە و تەکنیکی جیاجیا بینیوە، لەگەڵیشیدا تێکەڵ بەکێش و مۆسیقایەکی سەرنجڕاکێش؛ تا منداڵ لە ئامۆژگاری ڕاستەوخۆ دووربخاتەوە.

### ٧. گەڕانەوە بۆ منداڵی

لەم ڕووەوە دوو بۆچونی جیاواز هەیە، بەشێك لە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەبی منداڵان بۆچونیان وایە دەبێت نوسەر بگەڕێتەوە یادی منداڵی و بۆ منداڵی خۆی بنوسێت، دەشێ لەم ڕووەوە وتەکانی ڕەخنەگری ئەدەبی منداڵانی فارس (دکتر پروین سلاجقە) بخەینەڕوو، کە دەڵێت،"وەك گوتم بۆ خۆت و منداڵی خۆت بنوسە، ئەوە یەکەمین بنچینەیە و هەرگیز مەڵێ شوێنی منداڵێکی کوڕ یا کچ هەیە و من شتێك دەنوسم، کە دەزانم ئەوان سەرگەرم دەکات، یا من پێم وایە شتێك کە ئەوان ئەنجامیان داوە یا لە کاتی ئەنجامدانیدا بوون، دیتم یا بیستم ئەوە شتێکە کەئەوان خۆشیان دەوێت.... بەمشێوەیە هەرگیز نابیتە شاعیری منداڵان"(سلاجقە،١٣٨٧، ٤٢). بەشێکی دیکەیان پێیان وایە پێویستە هەر نوسەرێك خوێنەرێکی نمونەیی هەبێت و

بەرهەمەکەی پێشکەش بکات، وەك چۆن (جۆن ئەیکن) لەکتێبەکەیدا دەڵێت،"هەر نوسەرێك خوێنەرێکی نمونەیی لەهزردا هەبێ، کەوا لەنوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی تر جیایە،... بەڵام تۆ ڕەنگە بۆ منداڵەکەت یان منداڵەکانت بنوسی، ئەمەشتێکە نایابە"(ئەکین، ٢٠٠٤، ٥٩). لەڕاستیدا هەردوو بۆچونەکە ڕاستە هیچ نوسەرێك نییە بتوانێت یادەوەرییەکانی منداڵی خۆی فەرامۆش بکات، لەگەڵیشیدا نوسەر دەشێت خوێنەرێکی تایبەتی هەبێت و بەرهەمەکانیان پێشکەش بکات، تا بزانێت کاردانەوەی ئەوان بەرامبەر بە دەقەکەی چۆنە، چونکە"یەکێك لەمەرجە گرنگەکانی ئەدەبی منداڵان کاردانەوەی منداڵانە بەرامبەر بەدەقەکە، کەچی لە ئەدەبی گەورەساڵاندا وا نییە"(میرهادی،٢٠١٣، ١٠٦). منداڵان بونەوەری پاك و ڕاشکاون کاردانەوەی خێرایان بەرامبەر ئەو شتانەی حەزی پێ ناکەن هەیە.

نوسەر زۆرجار سەیری منداڵێکی کردووە، یاخود وێنای منداڵێکی لەخەیاڵیدا کێشاوە سەرنجی ڕاکێشاوە لەسەر بنچینەی شێوەی جوڵە و تێڕوانینی منداڵەکە دەقێکی نوسیوە، کاتی دیمەنی ڕۆژی لەدایکبونی منداڵێکی دیوە کە چەند دڵخۆشن، هاتووە دەقێکی شیعری بە ناوی "جەژنی لەدایك بوونی منداڵ"نوسیوە:

همموو ساڵێك بەخۆشی
بەرگی جەژن بپۆشی
جەژنی لەدایك بوونە
دڵ و دەروونمان ڕوونە.... (کۆیی،٢٠٠٦، ١٨٢)

یاخود لەدەقی "منداڵ و کارکردن" کاتێك لەشارەکەیدا منداڵی دیوە خەریکی کارکردنە، بۆتە پاڵنەرێك تا نوسەر دەقێك لەم بارەوە بنوسێت:

کارکردن سەربەرزیە
بۆ مرۆڤ شانازیە
بەڵام بۆ ئێوەی نازدار
نەهاتووە ئیش و کار.... (کۆیی،٢٠٠٦، ٣١٦)

هەروەها گرنگیدانی نوسەر بەمنداڵ و ڕۆژی منداڵان و مافەکانیان، بونەتە هەوێنی دارشتنی کۆمەڵێك دەق، لەوانە، "جەژنی منداڵان، مافەکانمان، ئۆپەرێتی مافی منداڵ...هتد"، بۆنمونە:

"ڕۆژی ماف"،
ڕۆژێکی چەندقەشەنگە
پڕ لەخەندە و ئاهەنگە.... (کۆیی،٢٠٠٦، ٢٦٢)

یاخود نوسەر بەشێکی دەقەکانی بە گەڕانەوە بۆمنداڵیی خۆی نوسیوە، بۆنمونە کاتێ گەڕاوەتەوە بۆ یادەوەرییەکانی تەمەنی منداڵیی خۆی هەستی بەوە کردووە کە کۆمەڵێك کاری ئەنجامداوە کە ناپەسند و خراپن بۆیە لەژێر ئەو کاریگەرییەدا هەوڵیداوە دەقێك بۆ منداڵان بنوسێت تا پێیان بڵێت ئەم کارە خراپە و لێی دوربکەونەوە، لەوانە،"کێشکە، دارلاستیك، بەزەیی بەگیانداران، یاری کۆڵان، ئاگر، کۆلارەکەم...هتد". لەدەقی "بەزەیی بەگیانداران"دەڵێت:

منداڵە چاو گەشەکان
دەبێ بزانن لەژیان
ئەو گیاندارانەی هەنە
زۆربەیان دۆستی ئێمەنە.... (کۆیی،٢٠٠٦، ١٠٤)

هەموو ئەمانەش لەتەمەنی منداڵی نوسەرەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە چۆن ئازاری باڵندە و ئاژەڵانی داوە، بۆیە خۆشی لە کتێبی یاداشتەکانیدا دەڵێت، "بەڕاستی ئەمەش کارێکی ناپەسەندبوو کە زۆر لێی پەشیمانم بۆیە ئێستا لەهەموو شیعرەکانم بەتایبەتی هی منداڵان تەنیا ڕێگەی دڵسۆزی و بەزەیی و ڕێزو...هتد فێری منداڵان دەکەم" (کۆیی،٢٠١٥، ١٣٨)، بەمشێوەیە نوسەر بۆمنداڵیی خۆی و منداڵانی دیکەی نوسیووە.

## ٤. هەنگاوەکانی دوای نوسین، بڵاوکردنەوە و لەچاپدان

کۆتا کاری نوسەر دوای نوسینی دەقەکەی دەست پێدەکات، کە بریتییە لە پەیوەندی نێوان نوسەر و بڵاوکردنەوەی دەقەکەی، کە ئەمانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت،

### ٤.١ پێداچوونەوە

پێویستە نوسەر دوای تەواوکردنی دەقەکەی بە لایەنی زمانی و ڕێنوسیی دەقەکەیدا بچێتەوە، سەرجەم هەڵە و کەموکوورییەکان لابدات و ئەوەی پێویست بێت بۆ دەقەکەی لە پێناو سودگەیاندن بە منداڵان زیادی بکات.

گەر سەیری نامیلکەکانی "کازم کۆیی" بکەین دەبینین، نوسەر دوای تەواوکردنی هەریەکێکیان هەوڵیداوە لەگەڵ کەسانی شارەزا و پسپۆری بوارەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، بەوتەی خۆی، "لەژیاندا چەند زانا، چەند بلیمەت بی بەردەوام خۆت بەقوتابی بزانە، لێکدانەوەی چەند مێشکێك هەمیشە باشترە لە مێشکێك، بەتایبەت ئەوانەی لەبواری تایبەتدا کاردەکەن"(کۆیی،٢٠١٧)، لەمەشدا نوسەر بەتەواوەتی وەك نوسەر منداڵ دەردەکەوێت، کەهەمیشە دوای تەواوکردنی دەقەکانی لەلایەن کەسانی شارەزاوە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆکراوە، ئەوەی باش بووە ئامادەکراوە بۆچاپ و ئەوەشی ناپەسند بوبێ لادراوە و لەناو دەقەکاندا دەرهێنراوە. بۆنمونە نامیلکەی "کەوەکەم" کە لە ساڵی ١٩٩٤ لەچاپدراوە، بەر لە چاپدانی لە لایەن مامۆستا "کەریم شارەزا"وە پێشەکیەکەی بۆنوسیوە، لەهەندێکی دیدا لەلایەن مامۆستایان "کەریم شەریف قەرەچەتانی ، دکتۆر عومەر پەتی،...هتد" پێشەکییان بۆنوسیوە، لە کۆمەڵە چیرۆکی "زەنگوڵەی کاریلەکان" کە شارەزایەکی بواری دەروونناسی هەڵسەنگاندنی بۆکردووە، لەم بارەوە دەنوسێت، "ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی برای شاعیر و نوسەر مامۆستا "کازم کۆیی"پڕ لە میهرەبانی و خۆشەویستییە بۆ دونیای منداڵ و کارێکی بێ وێنەیە لە ڕوی پەروەردەییەوە"(کۆیی، ٢٠٠٩، ٤)، جگە لەمە ئۆپەرێتی "تالاسیمیا" کە "شارەزایەکی بواری زمان و ئەدەبی کوردی" هەڵسەنگاندنی بۆکردووە، دەنوسێت، "ئاواتەخوازین لەڕێگای ئەم ئۆپەرێتەوە هۆشیارییەکی تەواومان لە ڕوی یاسایی و پزیشکییەوە پێ ببەخشێ بۆئەوەی چیتر منداڵ بەدەست ئەو پەتایەوە نەناڵێنن"(کۆیی، ٢٠٠٤، ٣)، بەمشێوەیە نوسەر بەر لەچاپدانی هەر دەق و نامیلکەیەکی دا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی دەقەکانی لەگەڵ پسپۆڕانی بوارەکەدا گفتوگۆ و خوێندنەوەیەکی وردی بۆکردووە.

### ٤.٢ وێنەکێشان

دوای پێداچونەوەی نوسەربە دەقەکەدا ئێستاش شایستەی بڵاوکردنەوە نییە، چونکە "بەو واتایەدێ، کەئەو هێشتا پەنجا لەسەدی کارەکەی ڕاپەڕاندووە. هێشتا پەنجا لەسەدی کارەکەی ماوە"(حەسەن،٢٠١٣، ١٨)، بەتەنیا دەقە ئەدەبیەکە خواستی منداڵ تێرناکات، بەڵکو بۆ تەواوکردنی کارەکەی پێویستی بە وێنەکێشێکی لێهاتوو و بەتوانا هەیە، تاوەکو سەرنجی منداڵان زیاتر بەلای دەقەکەدا ڕابکێشێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە وێنە و دیمەنی پاڵ دەقەکان لە سەدا پەنجای تێگەیشتنی منداڵان بۆ دەقەکان زیاد دەکەن، جا ئەگەر خودی نوسەر وێنەکێش بێت ئەوا بەرهەمەکەی

زیاتر دەچێتە دڵی منداڵانەوە، چونکە هیچ وێنەکێشێك بەقەد خودی نوسەر لە مەبەست و پەیامی دەقەکە ناگات، لەنێوان دەق و وێنەکەدا پێویستە پەیوەندییەکی بەهێز هەبێت.

لە دەقەکانی کازم کۆییدا تاك و تەرا دەقێك هەبێت وێنەی لەگەڵدانەبێت، ئەگینا سەرجەمی دەقەکانی نوسەر لەگەڵ ئەو وێنانەی خراونەتە پاڵ دەقەکان زۆر بەوریایی و شارەزاییەوە یەکتری تەواوکردووە، لەم ڕووەوە نوسەر خۆی دەڵێت،"نیگار ڕوحی هۆنراوەیە، نیگار بەلای منەوە گرنگترە لەخودی دەقەکە، ئەوە وێنەکەیە منداڵ پەلکێشی خوێندنەوەی دەقەکە دەکات"(کۆیی،٢٠١٧). بەڵام نوسەر لەبەرئەوەی کە خۆی دەستی وێنەکێشانی باش نەبووە بۆیە، لەدانانی وێنەکاندا سودی لەچەند ڕێگەیەك بینیوە، لەوانە،

١. سودی لەتوانای نیگارکێشەکانی هاوڕێی بینیوە، لەوانە، نامیلکەی "گەشتی دارستان-بەشی یەکەم"، نوسەر دوای تەواوکردنی دەقەکەی داوای لە وێنەکێشێکی بەتوانا"پەخشان گەڵاڵی"کردووە تا وێنەی بۆ بکێشێت، بۆ ئەم مەبەستە دەقەکەی داوە بە وێنەکێشەکە و دوای خوێندنەوەیەکی وردی دەقەکە، وێنەکەی کێشاوە. هەروەها لە ئۆپەرێتی تالاسیمیادا تەواوکردنی وێنەکان لەلایەن "هەندرێن ئەسعەد" کێشراون، چەند نمونەیەك لەوێنەکانی ناو ئۆپەرێتی تالاسیمیا:

وێنەی (٣)

وێنەکانی ێو دەقی ئۆپەرێتی تالاسیمیا



٢. زۆرجار نوسەر وێنەیەکی دیوە سەرنجی ڕاکێشاوە پاش نوسینی دەقەکە وێنەکەشی داناوە، وەك لەو نمونانەی ناو دیوانی "نەوەکانی چریکەی دوارۆژ"دا دەبینرێن، لەوانە، "ژیان هەوڵ و تێکۆشانە،ل٩٩، بەهار،ل٩٧، دیمەنی کوردستان،ل٧٤، موسڵمانین،ل٥٩، منداڵ و کارکردن،ل٣١٦...هتد" ئەم وێنانە هەم هەوێنی شیعرەکەن و هەمیش ڕاستەوخۆ وێنەی پاڵ دەقەکەن، نمونە:

وێنەی (٤)


بەشێك لە وێنەکانی ێو دیوانی چریکەی دوارۆژ



٣. بۆ بەشێکی دەقەکانیشی سودی لەوێنە ئەنیمەیشنە کۆمپیوتەرییەکان وەرگرتووە، بەشێکی وێنەکانی ناو "نامیلکەی ئاوێنەی شارستانی"، کە لە دیوانی نەوەکانی چریکەی دوارۆژدا کۆکراوەتەوە، بەڕونی دەردەکەوێت. بۆنمونە،"دواقسە، ل٣١٢- برای پۆلیس، ل٣١٧- پیادە، ل٢٩٠- برای شۆفێر، ل٢٨٥"

وێنەی (٥)

بەشێك لە وێنەکانی ێو نامیلکەی "ئاوێنەی شارستانی"



بەمشێوەیە نوسەر توانیویەتی پەیوەندی نێوان دەق و وێنەکان تەواوبکات.

### ٥. ئەنجامەکان

١. هەر نوسەرێك بۆئەوەی بیەوێت ببێت بەنوسەرێکی باش لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، پێویستە لانی کەم ئەم سێ هەنگاوە لەبەرچاو بگرێت، تاوەکو بتوانێت شوێنی خۆی لەدونیایی منداڵاندا بکاتەوە، لە کوردستاندا "کازم کۆیی" لەم

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v2n1y2019.pp9-21

ڕووەوە لە گشت نوسەرانی دیكەی ئەم بوارە لێهاتوترە، تارادەیەك هەنگاوەكان بەسەر دەقەكانیدا پراكتیزە دەكرێت، ئەمەشە وایكردووە زیاتر لەنێو نوسەرانی سەردەمەكەیدا باشتر دەربكەوێ.

**٢.** كازم كۆیی سەرەڕای شارەزایی و كاریگەربونی بەئەدەبیاتی جیهانی و دراوسێ، هەوڵیشیداوە ئەدەبیاتی نەتەوەكەی بە وڵاتانی دیكە بناسێنێ.

**٣.** بەپێی قۆناغەكانی تەمەن مامەڵەی لەگەڵ كێش و مۆسیقا و زمانی دەقەكان كردووە. بۆهەموو جۆرەكانی ئەدەبی منداڵان بەرهەمی نوسیوە، وەك"شیعر، چیرۆك، ئۆپەرێت، شانۆنامە، پۆستەر، وانەكانی خوێندن...هتد"، هەروەها كێشی حەوت بڕگەی و سەروای هەمەڕەنگ شێوازی تایبەتی نوسەرە لەشیعرەكانیدا.

**٤.** ئەدەب لای كازم كۆیی لەسەر بنچینەی پێكەوەژیان و خۆشەویستی وڵات و ئایین و نەتەوە بەشێوەیەكی ڕاستگۆیانە و دور لە قسەی هەڵبەستراو "مبالغە" بنیادنراوە. بەشێوەیەكی گشتی لەڕوی جیاوازی ڕەگەزییەوە هەردوو ڕەگەزی لەبەرچاو گرتووە.

**٥.** كازم كۆیی بە پشت بەستن بە یادەوەرییەكانی منداڵی و بینینی منداڵێكی دیاریكراو بەرهەمەكانی نوسیوە. دوای تەواوبوونی دەقەكانیشی لە لایەن شارەزایانی بواری منداڵانەوە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆكراوە. بەشێكی وێنەی پاڵ دەقەكانیشی لەلایەن وێنەكێشانی بەتواناوە كێشراون.

## ٦. سەرچاوەكان


اصغرارجی، علی (١٣٩٠) خلاقیت ادبی در كودكان، مجله كتاب ماه كودك ونوجوان، مرداد.

ایمن اهی، لیلی (١٣٦٣) ٣٩ مقاله درباره ادبیات كودكان، چاپ١، شورای كتاب كودك، تهران.

چن، بوچویی (١٣٧٢) از نظرا ما كودك كیست ومفهوم كودكی چیست، كودكان ودنیای كتابهای كودكان، تهران.

حجازی، بنفشه (١٣٩٤) ادبیات كودكان ونوجوانان، چاپ١٣، انتشارات روشنگران ومطالعات زنان، تهران.

حەسەن، محەمەد فەریق (٢٠١٣) چەند لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی ئەدەبی منداڵان، چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

سارتر، ژان پول (١٣٨٨) ادبیات چیست، ترجمە. ابوالحسن نجفی-مصطفی رحیمی، چاپ٨، نیلوفر، تهران.

سلاجقه، پروین (١٣٨٧) از این باغ شرقی (نظریەهای نقد شعر كودك ونوجوان)، چاپ٢، كانونچاپ، تهران.

شعاری نژاد، علی أكبر (١٣٨٧) ادبیات كودكان، چاپ٢٦، انتشارات اطلاعات، تهران.

عباسی، سكینه (١٣٩٤) ادبیات كودك وترجمه، چاپ١، دانشگاه پیام نور، تهران.

عەزیز، ڕەنجدەر ئازاد (٢٠١٦) بنیاتی دەقی شانۆی منداڵانی كورد، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، پەروەردە. ل٤٥

فەرهادی، حەمەسالح (٢٠١٣)، منداڵ وئەدەبی منداڵان، چاپ١، زنجیرە كتێبی منداڵان، هەولێر.

فەرەج، خالیدە قادر (٢٠٠٦) گۆرانی ویاری منداڵان لەئەدەبی فۆلكلۆری كوردیدا، نامەی دكتورا، ابن روشد.

فەرەج، خالیدە قادر (٢٠١٣) چیرۆكی منداڵان لەئەدەبی كوردیدا١٩٧٠-١٩٩٠، چاپ١، شەهاب، هەولێر.

فەرەج، خالیدە قادر-مصطفی، محەمەد ناصر (٢٠١٤) بەراوردی بەهاكان لەناو سروود وشیعری منداڵان (زیوەر، بێكەس، گۆران)، گ. زانكۆی كۆیە، ژ.٣١.

قزل ایاغ، ثریا (١٣٩٣) ادبیات كودكان ونوجوانان وترویج خواندن، چاپ١١، مركز پخش ونمایشگاه دائمی، تهران.

كۆیی، كازم (٢٠٠٤) ئۆپەرێتی تالاسمیا، منارە، هەولێر.

كۆیی، كازم (٢٠٠٩a ) سروودی خۆشەویستی خوێندن، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

كۆیی، كازم (٢٠١٥) پیاسەیەك وهەناسەیەك، چاپ١، شەهاب، هەولێر.

كۆیی، كازم (٢٠٠٩ b) زەنگوڵەی كاریلەكان، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

الماضی، شكر عزیز (٢٠١٠) تیۆری ئەدەب، و. سەردار گەردی، چاپ١، ماردین، هەولیر.

مجد، امید-سلیمان، میروت (١٣٩٣) بررسی ادبیات كودكان در دو إثر از نادر ابراهیمی ولینا كیلانی، مجله مطالعات ادبیات تطبیقی، سال ٨، شماره ٢٩٠. ل١٦٢

محمد، دلشاد علی (٢٠١٥) دەقی شیعری لەنێوان شاعیر وەرخنەگردا، گ. زانكۆی كۆیە، ژ.٣٧.

میرهادی، محەمەد (٢٠١٣) ڕەخنە وتوێژینەوەی ئەدەبیاتی منداڵان، گ. ڕامان، ژ.١٨٨.

نعمت اللهی (١٣٨٣) ادبیات كودك ونوجوان (شناسایی ارزشیابی وارزش گذاری)، انتشار مدرسه، تهران.

نیاعمران ـ یگانه، حسین مهر (١٣٩٣)، باز افرینی وبازنویسی در ادبیات كودك ونوجوان، چاپ١، فدك ایساتیس، تهران.

ئالانی، عزیز (٢٠١٤) پەروەردەكردنی منداڵەكانمان، چاپی١، چوارچرا، سلێمانی.

ئەمین، جەزا عەلی (١٩٨١) سەرەتایەكی پێویست بۆ ئەدەبیاتی منداڵانی كورد، گ. نوسەری كورد، ژ.٦. بغداد.

ئەیكن، جۆن (٢٠٠٤) چۆن بۆمنداڵ دەنووسی، و. كەمال غەمبار، چاپ١، ئاسۆی پەروەردەی، هەولیر.


[1] نوسەر ناوی تەواوی (كازم عەبدوڵا تۆفیق مستەفا) یە، لەساڵی ١٩٥٧ لەشاری كۆیەدا لەدایك بووە، سەرەتای كاری نوسینی لەبواری منداڵاندا بۆساڵانی هەوەدەكان دەگەڕێتەوە، یەكەم كاری نوسینیشی لەم بارەوە لەساڵی ١٩٩٤دا بلاوكردووەتەوە. تا ئێستاش لەكاری نوسین بەردەوامە.